# دەنگ و ڕەنگی ژن لە هونەری زارەکیی‌دا

ئەمیر حەسەنپوور

پێشەکی کتێبی *ئەدەبیاتی زارەکی موکریان: بەشی ژنان*، گردەوە کۆیی: سەلاح پایانیانی، مهاباد، 1393، ل. 7-50.

"دایکی نیشتمان"، بەرهەمێکی هونەریی-سیاسیی هەرە گرینگی کوردایەتی ناوەڕاستی سەدەی بیست، لە سەروبەندی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە هاوینی 1324 (1945) دا لە سابڵاغ و بۆکان و شنۆ و نەغەدە هاتە سەر شانۆ. لە بیرەوەرییەکانی مەنافی کەریمی، وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان‌دا، نووسراوە:

> ... دایکی نیشتمان بە شێوەیەکی دڵتاوێن لە کاتێکدا دەستوپل و لاقی لە کۆت و زنجیردابوو و نوشتابووەوە و هەڵدەلەرزی و تاقەتی ڕۆیشتنی نەبوو دەهاتە سەر شانۆ و بینەران بە دیتنی ئەو وەزعە دڵتاوێنەی دایکی نیشتمان خەم و پەژارەیەکی زۆر دایدەگرتن و بەتایبەتی بە بیستنی هاواری دڵتەزێنی منداڵەکانی، فرمێسک دە چاویان دەتزا و دیتنی ئەو شانۆ پەژارەنگێزە شوێنێکی قووڵی دەکردە سەر هەستونەستی بینەران ... ئەوکەسەی دەوری دایکی نیشتمانی دەگێڕا عەبدوڵای نەهری بوو کە لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد. ئەو لە جلوبەرگی دایکدا بە دەنگی خۆش و دڵنشینی خۆی بە ئاهەنگێکی خەفەتاوی ڕووەو ڕاوکەرەکان ئەو شێعرانەی سەرەوەی دەخوێندەوە و دەگریا ... شانۆیەکە لە حەوشەی ماڵێک پێشکێش دەکرا بۆ ئەوەی دەرودراوسێش لێی بێبەش نەبن. ئەو ژن و کچانەی شانۆکەیان لە پشت پەنجەران، لە سەر دیواران و لە سەر سەربانانەوە دەدی، نەیاندەتوانی پێشی گریانی خۆیان بگرن و گوڕگوڕ فرمێسک لە چاویان دەهاتە خوارێ و هیچ بینەرێک نەبوو ئەو شانۆیە کاری لەسەر نەکا و بە دیتنی غەم داینەگرێ... [1]

ئەو کورتەباسە دەریدەخا لە ئەو کاتەدا کە مهاباد ئامادە دەبوو ببێتە پێتەختی هەوەڵ دەوڵەتی نوێباوی کورد، ژن ڕێی پێنەدەدرا ئاکتری شانۆ یان تەنانەت بینەری ئەو هونەرە بێ. لە ئەو شانۆیەدا، ڕۆڵەکانی نەتەوە، کە گشتیان پیاو بوون، دایکی نیشتمانیان لە یەخسیریی ڕزگار دەکرد بەڵام نیشتمان بۆخۆی ژنی کوردی لە کۆت و زنجیردا ڕادەگرت. لە ئیجرا کردنی شانۆکەدا، پیاوێک دەبوو جلوبەرگی ژن لەبەر بکا و، بە لاسایی کردنەوەی دەنگی ژنان، دەوری دایکی نیشتمان بگێڕێ.[2] بەرێوەبەرانی ئەو بەرهەمە هونەرییە توانییان ناکۆکیی نێوان نەتەوەی کورد و چوار دەوڵەت، بەشێوەیێکی دڕامایی، بخەنە بەرچاو بەڵام نەیانتوانی ناکۆکییەکی ناوەکیی نەتەوە – دەسەڵاتداریی پیاو و بێدەسەڵاتیی ژن – بشارنەوە. "دایکی نیشتمان" پیاوانە بوونی نەتەوە و نەتەوایەتیی و نیشتمانی خستە سەر شانۆ. ژن کە نیوەی نەتەوە پێکدێنێ دەبوو بە بەربەستکراویی لە تەنگەبەریی ماڵێدا دەنگی کپ بێ و ڕەنگی بزر بێ.

---

[1] "یادداشتەکانی مەنافی کەریمی، وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان، بە بۆنەی تێوەرسووڕانەوەی 66 ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا"، وەرگێڕان لە فارسییەوە: حەسەنی قازی لە http://ruwange.blogspot.ca/2012/01/blog-post_25.html

[2] لە کوردییدا وشەیێکی لەبار بۆ performance بەدی ناکرێ. فارسی **"اجرا"** و عەرەبی **"الاداء"** دەکار دێنێ. ئەو وشەیە هەر بۆ تێگەیشتنی هۆنەرە زمانیی و نمایشییەکان گرینگ نییە و ئێستە لە "تیۆری کۆمەڵیی" (social theory)دا جێگەیێکی بەرچاوی هەیە.

چەند مانگ دوایە کە پیاوانی نەتەوە لە دووی ڕێبەندان‌دا دایکی نیشتمانیان ڕزگار کرد، "هەیئەتی میللی کوردستان" زۆر بەپەلە، هەروەک هیچ ئەرکێکی قورسی لەسەر شان نەبووبێ، "ڕەدووکەوتنی کچان و ژنان"ی قەدەغە کرد.[3] ئەو ئاگادارییە لە چەند ژمارەی ڕۆژنامەی *کوردستان*دا بڵاو بۆوە:

(آگاداری)

ڕەدو کوتن کچان و ژنان قەدەغەیە

لە سەر قەراردادی هیئەتی ملی کوردستان هەر پیاویک بەزور ژنی بەمیرد گویزرابیتەوە یا نەگویزرابیتەوە راکیشی دەبی بکوژری و ئەگر کچیکیش راکیشری دەبی او پیاوە بکوژری ئەما کچی خوازبینی بکا و نەیدەنی و مانعی شەرعیش نەبی بە میرد نەبی و کچەکە رضای ببی جزای نیە وەگرنە لە سیە مانگەوە تا سیە سال حبس دەکری.

24 ری بەندان 1324 ه رئیس هەیئەتی میلی کوردستان حاجی سید بابا شیخ[4]

لە ئەو بڕیارەدا، کۆڵەکەیێکی نەزمی جینسێتی کۆمار – داب و ڕەسمی زەوجین – داڕێژراوە.[5] بەکورتی، ژن موڵکی پیاوە؛ پیاو ژن دێنێ و ژن مێرد دەکا؛ پیاو "خوازبێنی" لە ژن دەکا بەڵام ژن ناتوانێ خوازبێنی لە پیاو بکا؛ ژن "دەگوێزرێتەوە" و "مارە دەکرێ" و ئەگەر مارەکرابێ و نەشگوێزرابێتەوە هەر موڵکی مێردێتی و بێتو پیاوێکی دی دەستی بە سەردابگرێ جەزای کوژرانە؛ پیاو ئەگەر ژنێکی سەڵتیش "ڕابکێشی" هەر دەبێ بکوژرێ؛ تەنانەت ئەگەر پیاوێک کچێک "خوازبێنی" بکا و ساحێبەکەی (باب، باپیر، برا) نەیداتێ (نەیگۆڕێتەوە) و "ڕایکێشێ" دیسان لەوانەیە تووشی حەفس بێ. لە ڕاوێژی موکریان‌دا، پیاو "ژن هەڵدەگرێ" و ژن "ڕەدوو دەکەوێ"، بەڵام قەراری "هەیئەتی میللی" لەباتی "ژن هەڵگرتن" مەفهوومی "ڕاکێشان" دەکاردێنێ.[6] ئەو قەرارە بە لای ئەوەدا ناڕوا کە ژن و پیاو زۆرتر لەبەر خۆشویستنی یەکتری لە دابی زەوجینی بەزۆرەملی لادەدەن و بۆ بەیەک گەیشتن لە مەترسیی کوژرانیش ناپرینگێنەوە. ژنیش شتومەک نییە کە بە ویستی باب و برای "بگوێزرێتەوە" و سەردابنەوێنێ. لە ئەو قەرارەدا، ژن و پیاو بەرابەر نین و ژێردەست-بوونی ژن مۆر کراوە.

میرزا حەمەدەمینی مەنگوڕیی، یەکێک لە کاربەدەستانی کۆمار، لە بیرەوەرییەکانی خۆی‌دا کە لە ساڵی 1958 نوسیبوویەوە، باسی ئەو بڕیارەی کردووە:

---

[3] ڕەدووکەوتن، لە شاردا زۆر کەم بوو، لە بڵباسەتی‌دا باو بوو، و لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی مهاباد(شارویران و محاڵەکان) هەڵدەکەوت.

[4] ***کوردستان***، ژمارەی 16، 29 ری بەندان 1324، لاپەڕەی 4 (بەبێ دەستتێوەردان لە ڕێنووسەکەی).

[5] "**جینس**" و "**جینسێتی**"م لە باتی **gender** دەکارهێناوە. ئەو زاراوەیە لە زووە لە ڕێزمان‌دا دەکار هاتووە (بۆ وێنە جینسی"مونث و مذکر" لە ڕێزمانی عەڕەبی‌دا)، بەڵام لێرەدا بە ئەو مەعنایەی کە لە تیۆری فێمینیستی‌دا باوە دەکاری دەهێنم: ژن و پیاو لە باری بیۆلۆژییەوە جیاوازییان هەیە کە زۆرتر و زووتر بە مەفهوومی جیاوازی دوو سێکس باسی دەکرا (لە فارسی و عەڕەبی‌دا بۆ ئەو زاراوەش "**جینس**" دەکار هاتووە)، بەڵام ژن و پیاو لە بواری کۆمەڵایەتی‌دا جیاوازییەکانیان کاریگەرترە، و جیاوازیی بیۆلۆژیش لایەنی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکا و دەوری کۆمەڵایەتی دەگێڕێ. لە زاراوەی "جینسێتی"دا جیاوازی ژن و پیاو زۆرتر بەبۆنەی فێربوون و فێرکردن و ڕاهاتن و ڕاهێنانە نەک لەبەر جیاوازیی بەدەن، بەڵام لە هەمان کات‌دا ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە لە پێک‌هاتەی بیۆلۆژی و بەدەن جوێ ناکرێتەوە. لە کوردیی‌دا، ئەوانەی پەتی‌گەریی سەرەڕۆیانە دەکەن بۆ ئەوەی بە لای وشەی عەڕەبی "**جینس**"دا نەڕۆن، وشەی "**ڕەگەز**" دەکار دێنن کە مەعناکەی "**عرق**"ی عەرەبی، "**نژاد**"ی فارسی، یان **race**ی ئینگلیسییە.

[6] دوو جووتە مەفهوومی "**ژن هەڵگرتن**" وەکوو "**ژن هێنان**" و "**مێرد کردن**" و زۆر وشەی دی دەریدەخەن کە پێوەندی‌یە جینسێتی‌یەکان (gender relations) لە کوردەواریی‌دا، وەک گشت کۆمەڵی دی، پیاومەزنانە بووە و ئێستەش هەیە. بۆ لێ-کۆڵینەوەیێکی دەوری زمانی کوردیی لە بەرهەم‌هێنان(ەوە)ی نیزامی پیاومەزنیی‌دا، بڕوانە:
Amir Hassanpour, “The (re)production of patriarchy in the Kurdish language,” in Shahrzad Mojab (ed.) *Women of a Non-State Nation: The Kurds*. Costa Mesa, CA: California, Second Printing, 2001, pp. 227-263.

> حاجی بابەشیخ سەرەک وەزارەتی کوردستانی قازی محمد - لەبابەت ژنو ژنخوازیەوە - وینە مەرسومیکی دانابو وە لە روژنامەی کوردستانیشا بڵاو کرابووە.
>
> بەڵام لەبەر ئەوەیکە ئەو دەستوورەی حاجی بابەشیخ دایـنابوو لەگەڵ عادەت و عرفی ژنو ژنخوازی پیشوی ئەو ناوچە یەکتری نەئەگرتەوە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ئەو مەرسومەیان بلاوە شتیکی زور ستم و ناخۆش بو چونکە دەستوراتەکەی حاجی بابە شیخ ریگای لە سەربەستی دڵداری چاو باشقاڵی و حەزلیکردن شایو ڕەش بەڵەک و ژن هەڵگرتن بستبو. عادەتا جێگای ڕابواردن دڵداری نەمابو. گەنجی کردبو بە ووشکە صوفی وە جیهانی دڵداری لی شاردبونەوە. کە ئەم یاسایەش هەرگیز بو مللەتی ئیران بەتای بەتی بو کوردەکان دەستی نەئەدا. بەپی نظامەکەی حاجی باباشیخ – ژن رەدوا کەوتن هەرگیز قەدەغە بو جا لەبەر ئەوەی کە رەدوا کەوتن و هەڵگیران لەناو عشائری ئیرانا شتیکی زور باو و سادە و ئاسان بوو.
>
> ئەو باسە لەناو ژنو پیاوانا بوبو بە جیگای لاسایی و ڕەخنە. چونکە ڕەدوا کەوتن چە بو ژن وە چ بۆ کچ لە ناو عشائری [منگوڕ – سویسنی – زەرزە – مامەش – پیران – دیبکری – گەورک] ئیمتیازیکی شەرەفی هەبوو.
>
> ئەگەر ژنێک وە یا کچیک بە درێژایی تەمەنی جاریک ڕەدوا نەکەوتایە لە ناو ژنانا ئەو ژنە ڕێزیکی نەئەبو. پییان ئەووت ئەگەر بەکەڵک هاتبای جحێلیک بۆخۆی دەبردی.
>
> دیسان بۆ پیاوانیش ئەو تانەوتەشەرە هەر هەبو. ئەگەر پیاوێک ژنی هەڵنەگرتایە پییان ئەووت تو پیاو نی ئەگەر پیاو بای ژنیکت بۆخۆ هەڵدەگرت. جا دەستورە تازەکەی حاجی بابە شیخ غەوغایکی لە ناو گەنجانا هینابو ڕو. چونکە ئەیویست کتوپر ئەو عادەتە کونەی چەند هەزار سالەی کوردە لە ناو بەری کە کوردەکان لە بەختیاری میژوییدا تەنها دەستکەوتی دڵداری و علاقەی جنسی و آزادپەرستی-یان بو بەجیماوە. کە لەم فەنەدا لە هەمو ئەوروپایک کونتر و پیشکەوتوترن.
>
> هەرچەندە تاسیراتی مەلا [هەڕەشەی مار و دوپشکی گوڕ وە خۆشی و کامەرانی بەهەشت] تا ئەندازەیک ساردی بە سەر ئەو (مبدئـ الحریـە) سەربەستی ژیانە هیناوە. بەڵام لەگەل ئەوەشا لە بارەی دڵداری و دەنگو بالۆرە لە وەڵاتە پێشکەوتوەکان بەجی نەماون.[7]

ئێستە دەزانین کە ئەو قەرارە نەیتوانی جێپێ بە ئەو "عادەتە کۆنەی چەند هەزار ساڵەی کورد" لێژ بکا. ڕەدووکەوتن لە "بەیتی خەج و سیامەند"دا، کە لە باشوور و باکوور زۆر باوە، وەک دابێکی باش بەڵام پڕلەمەترسی پەسند کراوە. لە کوردەوارییدا کە ژن بەزۆری بەمێرد دەدرێ، دەکرێتە بن-پشکی برا و کەس و کاری پیاوی، ژنبەژنەی پێدەکرێ، بە بەرخوێن دەدرێ، و وەک شتومەک دەفرۆشرێ و ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ، ڕەدووکەوتن بەربەرەکانی کردنی ئەو دابە زاڵمانەیە.[8] کۆمار لە گوندەکاندا ئەوەندە دەستی نەدەڕۆیی کە بتوانێ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێ. هەروەها، بەڕێوەبەرانی کۆمار ڕێبازی سیاسیی جۆراوجۆریان هەبوو؛ لە لایێک "هەیئەتی میللی" و سەید بابەشێخ دەیانەویست دابی جینسێتی شار، کە ژنی زۆرتر دەستبەستە کردبوو، بە سەر گونددا دابسەپێنن، و لە لایێکی دی، بەشێک لە ڕابەرایەتی دەیەویست ژن لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی دەرەوی ماڵدا چالاک بن، مەدرەسەی کچانیان دەکردەوە، و ژنانیان هان دەدا حیزبی خۆیان دابمەزرێنن.[9] بەڵام لە چوارچێوەی ئەو ڕزگارییخوازییە بەرتەنگەشدا ژن دەبوو بە دابی پیاوپەسندانە بجووڵێتەوە.

ئەو ئیجڕایەی" دایکی نیشتمان" ناکۆکیی نێوان جینسێتی ژن و جینسێتی پیاوی هەڵڕشت، بەڵام وێدەچێ ئەوکات زۆر کەس بەو لایەنەیان نەزانیبێ. ڕۆشنبیران زوڵم لە نەتەوەیان پێ لە زوڵم لە

---

[7] میرزا محمدامین مەنگوڕی، *بەسەرهاتی سیاسی کورد لە 1914 وە هەتا 1958*، بەشی یەکەم، پێشەکی و بڵاوکردنەوەی مەحمود مەلا عززەت، سوید، 1999 (ڕێنووسەکەی نەگۆڕدراوە).

[8] بە لێکدانەوەی عەزیزی وەلیانی، "هەڵوێستی خەج و سیامەند لە ڕاستیدا ڕاپەڕینێکە لەحاست هەر چەشنە یاسا و بیر و بڕوای دژ بە سەربەستی مرۆڤ. دوو ئەویندار، وەک سەمبولی نوێخوازی ناو کۆمەڵ، لە دژی "سوننەت" ڕادەسێن و گەرەکیانە خۆ لە(پاوان)ی داسەپاوی گشتیی قوتار کەن". عەزیز وەلیانی، *ژیلەمۆ: ئاوڕێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*. مهاباد: مرکز نشر فرهنگی هیوا، 1383، ل. 146.

[9] شەهرزاد مجاب، "زن و ناسیونالیسم در جمهوری 1946 مهاباد"، ترجمە رشید احمدرش، ***نویسا***، شمارەی 1، بهار 1383، ص. 81-107.

ژنان گرینگتر بوو. یەکیان بەرهەمی دەسەڵاتی بێگانە بوو و ئەوی دی خۆماڵی بوو. جا زۆربەی رۆشنبیری نەتەوەخواز چاوی لە دواکەوتوویی ناوخۆیی وەک دەرەبەگایەتیی و پیاوەزنیی دەقووچاند.

شانۆ فۆرمێکی هونەریی مۆدێرنە کە دەنووسرێ، دەنگ و ڕەنگی تێدایە و ئەو دەنگ و ڕەنگە لە پرۆسەی ئیجرادا وەدی دێ، دەردەخرێ، یان دەنوێندرێ (جاری وایە نانووسرێ و بەشێوەی خۆڕسکیی ئیجرا دەکرێ). لە بارودۆخی ئەو زەمانی موکریاندا، پیاو دەوری ژنی دەنواند. لە کوردستانی باشووریش کە شانۆگەریی زووتر دەستی پێکردبوو و زۆرتریش بوو، ژن ڕێگەی نەدەدرا لە ئەو هونەرەدا بەشداری بکا، تەنانەت تا ساڵانی 70ی سەدەی بیست لە زۆربەی شانۆکاندا پیاو دەوری ژنی دەگێڕا.[10] دژێتی کردنی ژن ئەوەندە بوو کە واهەبوو نەیاندەهێشت پیاویش دەوری ژن بگێڕێ:

> لە ساڵی 1946دا کە شانۆگەری (مەم و زین) لە چەمچەماڵ پێشکەش کراوە داوا لە بەڕێز محەمەد نوریتۆفیق کراوە دەوری ئافرەت ببینێ، ئەویش بەخۆشی و بەپەرۆشەوە دەورەکەی قبووڵ کردووە. بەڵام مامێکی کە بە مەی زانیوە ڕێگای نەداوە، چونکە بە شوورەیی داناوە بۆ بنەماڵەکەیان کە نوری برازای جلوبەرگی ئافرەت بکاتە بەر و دەوری ئافرەت تەمسیل بکات.[11]

یەکێک لەو پیاوانەی دەوری ژنی گێڕاوە کوتوویەتی:

> "زۆر جار منداڵە وردکەی گەڕەک بە دوام دەکەوتن بە [کوتنی] (زێڕین... زێڕین... عەیشێ)!". پیاوێکی دی کە دەوری ژنی دەگێڕا گێڕاویێتەوە: "زۆر جاریش بە هۆیەوە بەردباران کراوم. لەوانە ڕۆژێکیان لە محەتەی هەولێر و جارێکی تریش لە گەڕەکی تەیراوە".[12]

لە ڕادەییێکی دیشدا، ناکۆکیی ژن و پیاو لە دانانی شانۆکەدا نووسرابوو: نیشتمان کرابوو بە دایک بەڵام ئەو دایکە نەیدەتوانی خۆی ڕزگار بکا؛ ڕزگارکەرەکانی پیاو بوون. نووسەری ئەو شانۆیە دەکرا ژنیش وەک ڕزگارکەر دابنێ، بەڵام ئەو کات لە وڵات نە فکری وا لە ئارادابوو نە وەک ئێستا ئەزموونەکەی لەبەرچاو بوو.

### دەسەڵاتی ژن لە هونەری زارەکییدا

ئەو دوو ڕووداوانەی زەمانی کۆمار نموونەیێکن لە بەڵگە و زانیارێکی زۆر کە دەیسەلمێنن لە کوردەوارییدا دەسەڵات بەشێوەیێکی زۆر نابەرابەر لە نێوان جینسێتی پیاو و جینسێتی ژندا دابەش کراوە. پیاو، تەنانەت ئەگەر لە چینێکی کۆمەڵایەتی چەوساوەوەش بێ (وەک وەرزێر و کرێکار) و لە کۆمەڵدا کەمدەسەڵات بێ، لە ماڵباتی خۆیدا دەسەڵاتی تەواوی هەیە، و هاوسەر و کچی لە دەسەڵات بێبەش دەکا. دیارە نە دەسەڵاتی پیاو موتڵەقە نە بێدەسەڵاتیی ژن، بەڵام تەنانەت لە ئەو بوارانەدا کە ژن دەسەڵاتی هەبێ و دەکاری بێنێ زۆرتر لە چوارچێوەی نیزامی "پیاوەزنیی" و بە قازانجی پیاوە (لە خواری زۆرتری شی دەکەمەوە). ئەو نابەرابەرییە لە دابەش بوونی دەسەڵاتدا دەبێتە هۆی زوڵم-وزۆر و بێعەداڵەتیی کە جاری وایە ژنان هەڵیناگرن و دەستدەکەنەوە، بەڵام بە دانی بەهایێکی زۆر.

---

[10] مەغدید حاجی، *ئافرەت لە شانۆی کوردی دا*. بەغدا: چاپخانەی الجاحظ، 1989، ل. 85-125.
[11] مەغدید حاجی، ل. 114-115.
[12] مەغدید حاجی، ل. 118.

ئەو نابەرابەری و زوڵمانە لە داب و نەریت، ئایین، قانوون، ئابووری، سیاسەت، زمان، و هونەردا لەنگەریان هاویشتووە و وێکڕا تەواوێتێکی بەدیدێنن کە ژن و پیاو لە پێوەندی "پیاومەزنیی"دا گیرۆدە دەکەن. زۆر سەیر دەبێ لە کۆمەڵێکی وا، ژن، وەک جینسێتی نەک تاقە کەس، لە بواری هونەردا، چ نووسراو چ زارەکیی، لە قەیدوبەندی پیاومەزنییدا نەبێ یان بتوانێ بە سەر پیاومەزنییدا زاڵ بێ و خۆی ڕزگار بکا. بەڵام لێکۆڵینەوەیێکی دەوری ژن لە فۆلکلۆری کوردیدا (ڕۆهات ئالاکۆم، *سەردەستی ژنان لە فۆلکلۆری کوردیدا*) بە ئەو ئەنجامە گەیشتووە کە ژن لە هونەری زارەکییدا، "سەردەستە" نە ژێردەست، و خۆی ڕزگار دەکا.[13]

ڕۆهات ئالاکۆم لە بەشێک لە کتێبەکەیدا، لە ژێر سەردێڕی "دەست کردنەوە و سەردەستی ژنان لە داستانی کوردیدا" دەڵێ لە حیکایەتی کوردییدا ژن خاوەن ئەرکن، بەرپرسن، و لە ڕووداوەکاندا دەورێکی گەورە دەگێڕن؛ ژنان لە دژی ناحەقی و بێداد ڕادەوستن و بەربەرەکانی دەکەن؛ ژنان بە ڕێی ڕاست و موسبەت و باش و سازێنەردا دەڕۆن؛ بۆ ڕزگاریی خۆیان و وڵات و بۆ مافی مرۆڤ خەبات دەکەن؛ گەلێک جاریش مێرخاسیی ژن مێرخاسیی پیاو دەخاتە ژێر کارلێکەری و کۆنتڕۆلی خۆی.[14]

هەروەها ڕۆهات دەنووسێ لە چیرۆکی زارەکیی کوردییدا، ژنان لە "پێوەندی ژن-و-مێردیی"دا دەورێکی مەزن دەگێڕن؛ ئەو چیرۆکانە تەواوی ژن لە تایێکی تەرازوو ناهاوێن و ژن بە دوو دەستە دابەش دەکرێن – ژنی باش و ژنی نەباش. ژنی باش "ڕووسپی" دەکرێ و خێروخۆشی بە سەردا دەبارێ و ژنی "نەباش"یش "ڕووڕەش" دەکرێ؛ کێشەی ڕزگاری ژن لە چیرۆکدا "هەرە بەرچاوە": لە ئاخری چیرۆکاندا، ژنی "باش" بە ئاواتی خۆی دەگا و ژنی "نەباش" زۆر جاران بە جەزای خۆی دەگا و دەکوژرێ؛ دەکرێ بڵێین هەر چیرۆکێکی کوردیی "حەق و عەداڵەت" بڵاو دەکاتەوە:

> د ناڤ چیرۆکێن کوردی دە مۆتیفەکە زێتر هاتیە ب کارئانین، بێگومان ڕەوشا ژنانە، د ناڤ ڤان بەرهەمان دە بابەتا ژنان مۆتیفەکە هەرە ڕەنگینە. ب تایبەتی خەلاسییا ژنان. ئەڤ چیرۆکێن کوردی، ژ سالێن کەڤنا رە ڤر دە دەرهەقا رەوشا، جیهێ وان، بەرپرسیاری و ئەرکێن وان دە مە گەلەکی ڕۆنی دکن، چیرۆکبێژیا کوردی د ڤی واری دە چاڤکانیکە گەلەک ب کێرهاتییە. ژ بۆ لێکۆلین و خەباتێن کو ل سەر ژنێن کورد تێن کرن، ئەڤ چیرۆکان وەک سەرمایەکە مەزن د ڤی واری دە دکارن بێن هەسبین.

---

[13] Rohat [Alakom], *Di Folklora Kurdî de Serdestiyeke Jinan*. Sued: Weşanên Nûdem, 1994.

[14] ڕۆهات دەنووسێ: "دەما مرۆڤ دەستانێن کوردی باش ئانالیز دکە و تێ دەکوور دبە، د ناڤ ڤان دەستان سەرپێهاتییێن ناڤ و دەنگ دە ئەم ڕاستی سەردەستیکە ژنان تێن، ژن خوەدی ئەرک و بەرپرسیارن، هەڤسازی و پێشکەتنا بووبەرێن ڤان دەستانان دە ڕۆڵەکە مەزن دلیزن، ئەو تمێ ل دژی نەهەقی و بێدادییێ ڕادەوەستن، بەرخوە ددن. د ڤان دەستانان دە تێکۆشینەکە ژنان هەیە. ژنان ب خوینا خوە ڤە بەژی، ددنیا ڤان دەستانان دە ژ خوە ڕە تەختەک ئاڤا کرنە. ژ بۆ ب جیهانینا داخوازی، هێڤی و خەونەڕۆژێن خوە تمێ یا خوە کرنە، بێدلی، دوودلی ئان ژ بێگاڤی د بریارێن وان دە کێم تێ دیتن، ئەو دڤی واری دە گەلەک سەرهشکن. گەلەک جاران ژ بۆ دڵکەتیێ خوە دمرن، جانێ خوە ددن، وەک مەجنوون دین دبن، قەت نەبە دگۆرێ دە خوە دگهینن هەڤ. ژ بەر ڤێ یەکێ ژی دڤان دەستانان دە ئەم ڕاستی ترادەژییێن مەزن تێن. د دەستانێن کوردی دە ڕەنگ و تەهرێ بوویەرێن بنگەهین. چاوا ئەم دبینن ب دەستێ وان دگوهرن ئان ژ ئەو ب خوە دبن باییسێ بوویەرێن گرنگ. د پێکانینا ئاڤاهییا بوویەرێن دەستانێ دە و د وارێ زەلال بوونا مەساژا ڤان بەرهەمان دە، ئەم دکارن بێژن مێرخاسێن ژنین ڕۆلەکە بەرچاڤ دلیزن. هەموو شاخ و گوهارتنۆکێن ڤان دەستانان دە، ژن د ڕێکە ڕاست، پۆزیتیڤ، قەنج و د ڕێکە کۆنستروکتیف دە دمەژن. هەم ژ بۆ ئازادییا خوە (emancipation)، هەم ژ بۆ ئازادیا وەلاتێ خوە، هەم ژ بۆنا مافێن مرۆڤی، چاوا ئەم دبینن ئەو خوە داڤێژن ناڤ ئاگرێن مەزن. دەما مرۆڤ هەموو ڤان دەستانان و شاخێن وان ڕووبەری هەڤ دکە، هەمبەری هەڤ دکە، مرۆڤ دبینە کو گەلەک بابەتێن هەڤپار، هەڤڕەنگ د ناڤەڕۆکا ڤان بەرهەمان دە هەنە، گەلەک جاران مێرخاسێن ژنین، مێرخاسێن مێرین دخن بن باندوور و کۆنترۆلا خوە، مێران ژ خرابییێ، ژ ڕۆژێن ڕەش دپارێزن، ڕیێن ڕاست نیشانی وان ددن":
Rohat [Alakom], *Di Folkora Kurdî de Serdestiyeke Jinan*, r. 66-67.

دەما ئەم ناڤەڕۆکا ڤان چیرۆکان ب کووراهی هوور- هوور دکۆلینن، ئەم دبینن کوو جڤاتا کوردی، تمێ ڕوومەت و جیهەکی مەزن دایە ژنان، دپێوەندیێن ژن- مێراندە، د واریێ مێرکرن- زەواجێ دە ژنان تمێ ڕۆلەکە مەزن لیستنە. ژ ئالییە دن جڤاتێ هەموو ژن نەخستییە تایەکی تەرازییێ، ژنین باش و ژنێن نەباش ئانگۆری نۆرمێن وان سال- زەمانان ژ هەڤ جودا کرنە، ب نێرین و چاڤێن مایین ل ڤان هەردوو کۆمێن ژنان مێزە کرییە. ژنێن باش ڕووسپی کرییە، ژنێن نە باش ڕووڕەش، ڕووتەنی کرییە. جڤاتێ پیڤانێن باشی- نەباشییێ، ئانگۆری خێرا جڤاتێ، مالباتێ، ئانگۆری خێرا زارۆکان و ئانگۆری خێرا خەلاسی، ئازادییا ژنان کڤشکرییە. ژنێن باش چاڤا ئەم د داوییا چیرۆکان دە دبینن، خێروخوەشی ل سەر وان دە دبارە، ئەو ژ بەر دەستێ زۆردەستان خەلاس دبن، ئەو ئازاد دبن، دفلتن. پرسا خەلاسییا ژنان د ناڤ چیرۆکێن کوردی دە بابەتەکە هەرە بەربچاڤە. د داوییا هەر چیرۆکەکێ دە ئەو ب دلکەتییێن خوە ڤە دبن یەک، دچن دگهێژن مرازێ خوە، ب هەڤ شا دبن. ژنێن نەباش ژی، د داوییا چیرۆکێ دە گەلەک جاران جەزایێن خوە دبینن و تێن کوشتن. د ڤێ بابەتێ دە هەر چیرۆکەکە کوردی مرۆڤ دکارە بێژە هەقی و عەدالەتێ بەلاڤ دکە.[15]

بەڵام دابەش کردنی ژن بە "باش" و "نەباش" خۆی بەشێک لە بەرژەوەندیی و بۆچوونی پیاوانەیە لە نیزامی پیاومەزنییدا. ژنی باش ئەوەیە کە بەپێی نۆڕمی نیزامی پیاومەزنیی بجووڵێتەوە و ژنی "ناباش" ئەوەیە کە لە ئەو نۆڕمانە لابدا. یەکیان "ڕووسپی" یان "ڕووسوور" دەبێ و ئەوی دی "ڕووڕەش". بەڵام کوردەواریی وەک زۆر کۆمەڵی دی یەک دەست و هاودەنگ نییە و پێوەندی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆری تێدا بەدی هاتووە، وەک نیزامی عەشیرەیی و کۆچەریی و نیوەکۆچەریی، نیزامی دەرەبەگیی، نیزامی دەسمایەداریی، و شارنشینیی و گوندنشینیی. هەروەها، بەدرێژایی زەمان ئەو کۆمەڵە گۆڕاوە، و نیزامی پیاومەزنییەکەشی گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە. مامۆستا هێمن، کە زۆر شارەزای هونەری زارەکیی و ژیانی لادێ بوو، لە لێکدانەوەی "بەیتی لاس و خەزاڵ"دا نووسیوێتی:

بە لێکدانەوەی من ئەو بەیتە لە زەمانی مێوەجاغییدا، یانی لەو سەردەمەدا کە دەسەڵاتی خێزان بەدەست دایکەوە بووە، گوتراوە. وێنەی ئەم چیرۆکە لە ئەدەب و مێژووی خۆمان و دەوروپشتماندا نابینین. کۆنترین کتێبی شێعر و مێژووی فارسیی، شانامە، دەڵێ: کاتێک ساسانیەکان پیاویان لێبڕا و نێرەوەزێکی شازادە و ڕەسەن نەما لەسەر تەخت دانیشێ، دوو کچی خوسرەوپەرویز ئازەرمیدوخت و پووراندوخت یەک بە دووی یەکدا چوونە سەر تەختی پادشایەتیی. بەڵام هەردووک زۆر کەمیان خۆ ڕاگرت. فیردەوسیی زۆر بەپەرۆشەوە دەڵێ:

شکوهی نماند در آن خاندان
کە بانگ خروس آید از ماکیان

یانی:

مەزنایەتیی لە خێزانێکدا نامێنێ
کە مریشک وەک کەڵەشێر بخوێنێ

فیردەوسیی پتر لە هەزار ساڵ لەوەی پێش مەزنایەتیی ژنی بە چارەڕەشیی و لێقەومانی گەل و بنەماڵەی پادشایەتیی زانیوە، کەچی تەماشا دەکەین لەو بەیتەدا دوو ژن مەزن و سەرۆکی عەشیرەت و عێلی خۆیانن و دامودەزگای مەزنایەتیان هەیە و لە هەموو خۆشتر لەسەر لاوێک نێوانناخۆشیان لەنێو پەیدا بووە. تەواو بەپێچەوانەی مێژووی تۆمارکراومان، کە زۆر جار بیستوومانە دوو مەزنی پیاو لەسەر کیژێک دوژمنایەتیان بووە و بەگژیەکدا چوون.

هەرشتێک ڕیشەیەکی نەبێ لکوپۆپی لێ نابێتەوە. ئەم بەیتەش دەبێ ڕیشەیەکی هەبووبێ، ڕۆژگارێک لە ناوچەیەکی ئەو کوردستانە دوو ژن سەردار و مەزن بوون. جا گرنگ نیە ئەو ناوچە کوێیە و ئەو ژنانە خانزادی حەریریی و یای خەزاڵی مەلانەبیانن یا دوو ژنی دیکەن.

[15] Rohat [Alakom], *Di Folklora Kurdî de Serdestiyeke Jinan...*, r. 8-9.

> خەزاڵ مەزن و هەمەکارەی خێڵی مامۆودینانە. مەلانەبی باوکیشی ماوە و کەچی خەزاڵ هەروا بوخۆی پێ ڕادەگا. بەئاشکرایی دەگەڵ لاس دڵداریی دەکا، بەڕۆژی ڕووناک لەنێو هۆبەدا پێکەوە لە چادردا دەنوون...
>
> بیر بکەنەوە، لەو زەمانانەدا کە کورد مەلانەبی لێ پەیدا بووە و قەننەداری گرتوە، ڕێوشوێنی نەتەوایەتیی و بیر و بڕوای مەزەبیی دەستەڵات و ئیختیاری وای داوە بە ژن؟ دڵداری لاس و خەزاڵ وەک دڵداری مەم و زین پاک و عاشقانە نیە، پێکەوە ڕایانبواردووە بێئەوەی لە هیچکوێی بەیتەکەدا ئیشارە بە ژن و مێردایەتیان کرابێ. خەزاڵ وەک زین کچۆڵەیەکی بێدەستەڵات و بێئەزموون و پاک نیە. ژنێکە کە تەنانەت لاسیشی هێناوەتە ژێر فەرمانی خۆی و هەوەسبازیی دەگەڵ دەکا...[16]

ئەو لێکدانەوە چەند باسی تێدایە و لێرەدا هەر دوو بابەتان باس دەکەم. یەکیان چۆنێتی لێک-دانەوەی نیزامی پیاوەمەزنیی و ئەوی دی بوون یان نەبوونی "مێ وەجاغیی" لە کوردستان و لە "بەیتی لاس و خەزاڵ"دا.

مامۆستا هێمن لایەنگری بێوچانی ڕزگاری ژن لە زوڵموزۆر بوو و بەشێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی تەرخانی وەدیهێنانی ئەو ئارەزوویەی کردووە. بەڵام چ لە بەرهەمی هێمن و چ لە بەرهەمی ئەدەبیی و سیاسیی ڕۆشنبیرانی هاوچەرخی ویدا ئاگایی سەبارەت بە نیزامی پیاوەمەزنیی قووڵ و بەرین نەبوو. بۆ وێنە با لە ئەو چەند ڕستەیە ورد بینەوە: هێمن دەڵێ:

> دڵداریی لاس و خەزاڵ وەک دڵداریی مەم و زین پاک و عاشقانە نیە، پێکەوە ڕایان بواردووە بێئەوەی... ژن و مێردایەتیان" کردبێ، "خەزاڵ وەک زین کچۆڵەیەکی بێدەستەڵات و بێ-ئەزموون و پاک نیە" و "ژنێکە کە تەنانەت لاسیشی هێناوەتە ژێر فەرمانی خۆی و هەوەسبازیی دەگەڵ دەکا**...** [17]

لێرەدا، "پاک"بوون خسڵەتێکە بۆ ژنان و بەستراوەتەوە بە ئەوەیکە ژن بێئەوەی لە پێوەندی "ژن و مێردیی"دا بێ، دڵداریی نەکا و لەگەڵ دڵدارەکەی ڕاینەبوێرێ. لە کوردەوارییدا ئەگەر پیاوێک وا بکا پێی ناڵێن "ناپاک." هەروەها، ژنی "پاک" نابێ دڵدارەکەی بخاتە "ژێر فەرمانی خۆی" و "هەوەسبازیی" لەگەڵ بکا. بەڵام لە کوردەوارییدا ئەگەر پیاو ژن نەخاتە ژێر فەرمانی خۆی بە خوێڕی دادەنێن.[18] ژن مافی وەی نییە بەئاشکرا و بەڕاشکاوی عاشق بێ و دڵداریی بکا. ژن ناتوانێ لە دڵدارەکەی داوا بکا پێکەوە بژین تەنانەت لە چوارچێوەی زەوجینی قانوونیی و شەرعییدا. پیاو دەچێتە "خوازبێنی" ژن؛ نەبیستراوە و نەدیتراوە ژن بچێتە خوازبێنی پیاو، ئەگەر شتی وا "بقەومێ" بە عەیب و شوورەیی و سەرشۆڕیی دادەندرێ. تەنانەت زمانی کوردییش ڕێگە نادا ڕستەیێکی ئاوا بڵێین: "بیستوومە گوڵان خوازبێنیی سیامەندی کردووە". ئەو ڕستەیە لە باری ڕێزمانییەوە ڕێکوپێکە بەڵام نیزامی مەعنایی زمانی کوردیی وەک ڕستەیێکی هەڵەی دادەنێ.

ئەوەی لە ئەو بەیتەدا سەرنجڕاکێشەرە مەزنیی و سەرۆکعەشیرە بوونی خەزاڵ و خانزاد نییە؛ لە مێژووی کوردستان و وڵاتی دیدا واهەبووە لە ماڵباتی شا و خاقان و خاندا پیاو نەماوە حکوومەتێ بکا و ژنێکی ئەو ماڵباتە بەشێوەیێکی کاتیی جێی ئەوی گرتۆتەوە هەتا منداڵێکی کوڕ پێبگا و دەسەڵاتی

---

[16] ئۆسکار مان، *تحفه مظفریه به زمانی کوردی موکری*، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمنی موکریانی، بەشی یەکەم، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، 1975، ل. 88-89.

[17] ئۆسکار مان، *تحفه مظفریه به زمانی کوردی موکری*... ل. 89.

[18] زمانی کوردی، وەک زۆر زمانی دی، لە پیاوێکی زەبروزەنگی پیاوانەی نەبێ بە سووکیی دەدوێ و ئەو سووکایەتی کردنە بە وشەی دژی ژن وەکوو **ئاری**، **ئاریلە**، **ژنانیلە**، یان **ژنەڕەنگە** دەکرێ. مەعنای ئاریلە لە *هەنبانە بۆرینەی* هەژاریدا ئاوا لێک-دراوەتەوە: "پیاوی ژنانیلە، ژنەڕەنگە، ئاڵی پیواز، یۆسف ئەفەندی: (نێریکی **ئاریلەیە**، لاسای مێ دەکاتەوە). مرد زننما." ژنیش نابێ سنوورە داڕژاوەکانی جینسێتی بشێوێنی و ئەگەر "ژنانە" نەبێ پێی دەڵێن **کوڕانیی**، **نێرەکوڕکە**، **نێربلۆکێ**، **نێرەحەیتە** و شتی وا.

نێرینە درێژە بدا. تایبەتێتی ئەو بەیتە لەوەدایە کە ئەو دوو ژنە حاکمانە بەئاشکرا دڵداریی دەکەن و لەسەر پیاوێک ڕقەبەرییان هەبووە. مامۆستا هێمن پێیوایە ئەو بەیتە لە زەمانی "مێوەجاغیی" (یان "ژن-مەزنیی"، یان "ماتریارکی")دا داندراوە و بەڵگەیێکە بۆ ئەوەی کوردەواریی ڕۆژگارێکی کۆمەڵێکی ژن-مەزنیی بووە.

ئەوە تەواو ڕوون نەبۆتەوە کە لە ڕابردووی دوور یان نزیک، چ لە کوردستان چ لە وڵاتی دی، کۆمەڵی ژن-مەزنیی هەبووبێ، بەڵام دەزانین لە ئەو کۆمەڵانەدا کە بە کشتوکاڵ بەڕێ ناچن و بە ڕاوکردن و بە کۆکردنەوەی خۆراک لە تەبیعەت دەژین نابەرابەری و ناتەبایی ژن و پیاو زۆر کەم-ترە.[19] کۆمەڵی عەشیرەییش کە بە ئاژەڵداری بەڕێدەچێ تا ڕادەیێک وایە. "بەیتی لاس و خەزال"، کە ڕەحمان بەکر لە ساڵی 1321 ە. ق. (1903) کوتوویەتی، باسی کۆمەڵی عەشیرەیی لە کوردستان دەکا و وادیارە بەیتێکی بڵباسەتی بێ. بڵباسان زۆرتر بە ئاژەڵداریی و بەشێوەی نیوەکۆچەریی (بە کوێستان و گەرمێن کردن) دەژیان. لە بڵباسەتیدا، ڕەچەڵەکی پیاو بە نێوی دایکی دەناسرێ. بەڵام ئەوانە هیچ-کامیان بەڵگە نین بۆ ئەوەی لە کوردستاندا نیزامی ژن-مەزنیی لە ئارادا بووە یان گەلی کورد لە سیاسەت و پێوەندی جینسێتیدا لە گەلانی دی پێشکەوتووتر بووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئاسەواری ژن-مەزنیی ئەوەندەی لە "بەیتی لاس و خەزاڵ"دا بەدی دەکرێ لە فۆلکلۆری گەلانی دیشدا دیتراوە.[20] دەتوانین بڵێین هەم لە کۆمەڵی ڕاوکەر-کۆکەرەوە و عەشیرەیی و لادێیی و هەم لە کۆمەڵی مۆدێرندا نیزامی پیاومەزنیی لەگەڵ بەعزە ئازادییێکی ژنان هەڵدەکا. هەروەها دانەری بەرهەمی هونەریی زارەکیی – بەیت، چیرۆک، حەیران، گۆرانی – دەتوانێ دنیایێک بخوڵقێنێ کە نەیدیوە و لە خەیاڵی خۆیدا دایدەهێنێ یان لە کەسێکی دی بیستوویەتی. ئەو هونەرمەندانە دەکرێ وەک ڕۆشنبیر دابندرێن کە کاری فکریی دەکەن، ئەولای زەمان و مەکانی خۆیان دەبینن، ڕووداوەکان لێکدەدەنەوە، و دەیانگێڕنەوە.[21] بۆ وێنە، ڕووداوێکی گرینگی مێژووی کوردستان – هێرش بردنی شا عەباس بە سەر ئەمارەتی برادۆست و موکریان – لە "بەیتی دمدم"دا تۆمارکراوە و لە نێو کورمانجیئاخێوان و لە موکریان و بابان و سۆراندا بڵاو بۆتەوە، و تەنانەت گەیشتۆتە ئەدەبی زارەکیی هەرمەنی.[22] لە ئەو بەیتەدا، هونەرمەند لایەنگرە و ڕووداوەکەی لە ڕوانگەی گەلی کوردەوە لێکداوەتەوە. بەپێچەوانە، ئەسکەندەربەگی تورکمان، ڕووداونووسی شا عەباس، ڕووداوەکەی لە ڕوانگەی خاوەندی خۆی لێک-داوەتەوە.[23]

## بزر کردنی دەنگی ژن

مەبەستم لە گێڕانەوەی بۆچوونەکانی ڕۆهات و هێمن ئەوەیە کە ئاڵۆزیی باسەکە دەستنیشان بکەم، و سەرنج ڕاکێشم بۆ ئەوەی کە پێویستە لە ڕووکاری هونەری زارەکیدا نەمێنینەوە و بۆ

[19] Karen Endicott, “Gender relations in hunter-gatherer societies,” in R. Lee and R. Daly (eds,), *The Cambridge Encyclopedia of Hunters and Gatherer*s, 1999, pp. 411-418.

[20] Albert W. Aron, *Traces of Matriarchy in Germanic Hero-lore*. Madison, Wisconsin,1920.

[21] Malini Bhattacharya, “The folk artist as ‘traditional intellectual’ and the culture of resistance,” in Amiya Kumar Bagchi and Amita Chatterjee (eds.), *Marxism: With and Beyond Marx*, London: Routledge, 2014, pp. 252-265.

[22] دەستنووسێکی "حکایا شری سرکلیا دمدمی دگل قزلباشان گفتە فقی طیران" کە لە نێوەراستی سەدەی 19 نووسراوەتەوە، شەڕی دمدمی بە هەڵبەست دەگێڕێتەوە. بڕوانە: ئۆردوخانی جەلیل، "داستانی قارەمانیەتی 'خانی لەپزێڕین – دمدم'"، ئامادەکردن و وەرگێڕانی جەمشید حەیدەری، **گزینگ**، ژمارە 12، هاوینی 1375، ل، 35-41.

[23] مامۆستا هێمن مەتنی نووسینەکەی ئەسکەندەربەگی تورکمانی (کە بەشێک لە کتێبی *عالم آرای عباسی*یە) وەرگێڕاوەتە کوردی و لە پێداچوونەوەی خۆی بە بەیتەکەدا لێکیداوەتەوە. بڕوانە: ئۆسکار مان، *تحفە مظفریە بە زمانی کوردی موکری*، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمنی موکریانی، بەشی یەکەم، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، 1975، ل. 20 -69. مەتنی بەیتەکە لە ل. 201 -221 هاتووە.

قووڵاییەکەی بچین، و پێوەندییەکانی ببینین، و لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەدا زەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو هونەرەمان لەبەرچاو بێ، و ئەوەش بەبێ کەڵک وەرگرتن لە تیۆری وەدەست ناکەوێ. لە پێش ئەوەیدا زۆرتر لەسەر ئەو باسە بڕۆم، پێویستە باسی چەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی هونەری زارەکیی بکەم.

زانیاری سەبارەت بە داهێنان و فێربوون و فێرکردنی هونەری زارەکیی کوردیی زۆر کەمە. ئەوانەی هونەری زارەکیی کۆ دەکەنەوە زۆرتر وەدوای تۆمارکردنی مەتن دەکەون و کەمتر باسی داهێنەری مەتن و بیستەر و بینەر و بارودۆخی ئیجرای هونەرەکە دەکەن. بەڵام هەر لە ئەو زانیارییە کەمەدا دەردەکەوێ کە ژن لە هونەری زارەکییدا جێوڕێی هەیە، بەڵام ڕێ پێگرتن و جێ پێگرتنێکی زۆر لە ئارادایە کە ژنی هونەرمەند وەلادەنێ و بێدەنگ و کەمدەنگی دەکا. ئەوانەی هونەری زارەکیی کۆ دەکەنەوە زوو پێدەزانن کە لە ئەو بوارەدا نابەرابەرییێکی ئاشکرا لە نێوان ژن و پیاودا هەیە. پیاوێکی بیەوێ دەنگی گۆرانیبێژێکی ژن تۆمار بکا تووشی هەزار کۆسپ دەبێ. تەنانەت ژنیش بۆی ڕێکناکەوێ کە بەهاسانی دەنگی ژنێکی دی تۆمار بکا. ئەوانەش کە گوێگری ئەو هونەرەن دەزانن کە دەنگی پیاو زاڵە و ژن ناتوانێ بە ئاسایی دەنگی خۆی دەربڕێ. شاردنەوە و بزرکردنی دەنگی ژن لە گشت نیزامە پیاومەزنییەکاندا باو بووە. بۆ وێنە لە بەعزە ئایینێك وەکوو یەهوودێتی "دەنگی ژنان" (بە عیبری "کۆل ایشا") لە مۆسیقادا قەدەغە کراوە بە بەهانەی ئەوەیکە "گوێ گرتن لە دەنگی ژنان بزوێنەری سێکسییە".[24] لە ئەمریکا و ئینگلستان بە پەیدا بوونی ڕادیۆ و تلڤیزیۆن، پییان وابوو دەنگی ژنان بۆ بەرنامەی وەک هەواڵ کوتن، لێکدانەوەی سیاسی و وتووێژ کردن باش نییە لەبەرئەوەی "باوەڕپێکراویی" و "سافی و پوختی" و "توانایی" دەنگی پیاوانی نییە. ئەو ئەفسانەیە بە دوای خەباتی ژنان لە دژی پیاومەزنیی لە دەیەی 60 ی سەدەی بیست وردەوردە وەلاچوو.[25]

لە مەجلیسی پیاوان لە کوردەوارییدا، ڕێ بە ژنان نەدەدرا و تەنانەت نێویشیان نەدەهێندرا. لە کورتەباسێکی "جەمشید"، بەیتبێژێکی هاوچەرخی عەلی بەردەشانی، گێڕاویانەتەوە:

> ⇨
> گویند روزی میر بەبە به علی [بەرەدشانی] حکم میکند که در مجلس او که جای بزرگان است نباید در بیتها نامی از زن بمیان آورد... علی در خصوص این مشکل با جمشید مشورت میکند. جمشید اظهار میدارد: اگرچه من شاگرد تو هستم ولی جسارتا" میگویم که هر جا خواستی از زن نام ببری بجای آن بگو باغ گلها یا باغ سیبها...[26]

ئەو بێدەنگ کردنە لە شاردا، بەتایبەت لەنێو چینوتوێژی دەوڵەمەنددا، زۆر باو بووە. بۆ وێنە، پیاوان دەبوو لە نێو خۆیاندا نێوی ژنی ماڵباتی خۆیان نەهێنن، و ئەگەر زۆر پێویست بووبا پیاو باسی ژنی هاوسەری خۆی بکا دەیکوت: "دایکی منداڵەکان". ئەو بێدەنگ کردنە لە گشت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە هونەری زارەکییدا باو بوو.

---

[24] Judith Tick, “Women in music,” *The New Grove Dictionary of Music and Musicians*. Second Edition. Vol. 27. 2001, p. 522.

[25] Amir Hassanpour, “Language and television,” *Encyclopedia of Television*, Vol. 2, 1997, pp. 923-925.

[26] [دەڵێن ڕۆژێکی میری بەبە حوکمێ لە عەلی بەردەشانی دەکا دەڵێ مەجلیسی من پیاوی دە یەکەیەکەی دێتییە و نابێ بەیتەکانت نێوی ژنانی تێدا بێ... عەلی دەچێ پرس بە جەمشیدی دەکا. جەمشید دەڵێ: با ئەمن شاگردی تۆش بم غایەتێکی بەمن دەکەی هەچدەمایەکی ویستت نێوی ژنان بێنی لەجیاتی بڵێ باغی گوڵان یان باغی سێوان - نووسەر] قادر فتاحی قاضی، *منظومه کردی مهر و وفا*، تبریز: انتشارات دانشکده ادبیات تبریز، موسسه تاریخ و فرهنگ ایران، 1345، ص. 20.

لە ئەو بارودۆخەدا، زۆربەی بەیتبێژ و خۆشخوان پیاو بوون یان ئەگەر ژنیش ئەوەندەی پیاو هەبووبێ نێویان بەدەرەوە نییە. بۆ وێنە لیستێکی نێوی بەیتبێژان، کە دیارە ناتەواوە، 25 پیاو و 5 ژن تێدایە.[27] تەزکرەیێکی بەیتبێژان، کە زۆربەیان خەڵکی موکریان و بابانن، نێوی 30 کەسی تێدایە کە تەنیا یەکیان ژنە.[28] لە درێژەی ئەو تەزکەرەدا، نێوی 11 بەیتبێژی دی هاتووە کە گشتیان پیاون.[29]

لە لێکۆڵینەوەیێک سەبارەت بە ژنی گۆرانیبێژ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دەردەکەوێ کە لە 1341 (1962) ڕا هەتا 1356 (1977)، پتر لە 400 گۆرانیبێژی پیاو لە ئێزگە کوردییەکانی ڕادیۆ کرماشان، سنە، مهاباد و ورمێ گۆرانییان کوتووە بەڵام ژمارەی ژنی گۆرانیبێژ 31 کەس بووە کە 22 گۆرانییان لەگەڵ گۆرانیبێژە پیاوەکان کوتووە. لەوانە 17 کەس خەڵکی کرماشان و 7 کەس خەڵکی سنە بوون. لە ئەو 31 گۆرانیبێژە، 16 کەسیان "یان ناوی موستەعار (نازناو) یان هەبووە، یان تەنیا ناوی ئەوەڵی خۆیان وتووە و ناوی فامیلی و شۆرەتی خۆیان ئاشکرا نەکردووە".[30] هەر لە ماوەی ئەو پازدە ساڵەدا (1341 هەتا 1356)، یازدە گۆرانیبێژی خەڵکی سەقز لە ڕادیۆی کرماشان و مەهاباددا گۆرانییان کوتووە و تۆمارکردووە کە تەنیا یەکیان ژن بووە.[31]

لە شاردا بێدەنگ کردن و قەدەغەکردنی دەنگی ژنان و پەستاوتنیان لە چوارچێوەی ماڵ و ماڵباتدا زۆرتر بوو بەتایبەت لە نێو چینە دەوڵەمەندەکاندا. لە لادێ کە نیزامی پیاوەزنیی وەک شار لە ئارادا بوو بەڵام ژن لە چوار دیواری ماڵێدا نەدەبەستراوە دیمەنی گۆرانی کوتن و بیستن گەشتر بوو. گۆرانیبێژ کاک برایمی قادری (خەڵکی گوندی عیساکەند سەر بە مهاباد، ساڵی 1313 (1934) لەدایک بووە) لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە ئەو ژنانەی کە لە زەماوەنددا گۆرانییان لەگەڵ کوتووە دەڵێ:

> خاتوون دڕوو، خەڵکی عیساکەند بوو. ژنەگاوان بوو. مێردەکەی ناوی عیسا بوو. ژنێکی ڕەقی تەقی درێژی ناحەز بوو. بەڵام زۆر دەنگ خۆش بوو. دایکی ئەو فاتمە کوێرەی ئێستا لە ساباڵاغە. دە زەماوەندانادا گۆرانی دەگوتن. ئاغاوەت لە دوویان دەنارد، لە دیوی ژنان دەیگوت. لەگەڵ ئەو گۆرانیم گوتووە و گۆرانیشی لێ فێر بووم. چل پەنجا ساڵ لە من بەتەمەنتر بوو.
> لەگەڵ مەنیج حەیران گۆرانیم گوتووە و دوو جارانم دیوە. لە داوەتی میرزا ڕەحمەتی شافعی، لەگەڵ زڵەخا چەختی گۆرانییان دەگوت. بۆ ژن و پیاو و گەڕی ڕەشبەڵەک. پیاوی گەورە بەبێ زڵەخا چەختی داوەتی نەدەکرد. مەنیج حەیران خەڵکی قەمتەرێ قزقەپان پشت شاری خانێ سەربە حاجی عومەران بوو. لە داوەتی سمایل ئاغای مەعرووفی کۆسە کەرێز لەگەڵ مەنیج حەیران گۆرانیم گوتووە. مەنیج حەیران پیر بوو، نەخۆش بوو. دایرەشی لێدەدا. گۆرانی بەرهەڵبێنە بەرهەڵبێنە تازە داهاتبوو، پێی هەڵدەپەڕین. مەنیج حەیران نە زۆر کورتەباڵا و نە کەڵەگەت بوو. خاوێن بوو. لیباسی کۆیییانی دەبەر دەکرد، سپیلکە بوو.
> زڵەخا چەختی، گۆرانیبێژی تایبەتیی میرزاهاشم و میرزاعەولای کەریمی بوو. چون هەر ئاغا و تایفەیەی وەختی خۆی گۆرانیبێژ و دەنگخۆشی خۆیان هەبوو. زڵەخا ژنێکی کەڵەگەت و بێ-باک بوو. دەنگخۆش، فرهاوێژ بوو. زەمانەتی وەردەگرت بۆ بەزاندنی پیاوان. قەدەری ئەولای بوو لە تلەویزیۆنەکاندا دیتم وتوویژیان لەگەڵ دەکرد. لەمێژساڵبوو ون بوو. سوعدا کوێری دەبیاریش لە

[27] عبیداللە ایوبیان، چریکەی مەم و زین، تبریز: چاپخانە شفق، 1342، ص. 13-16.

[28] قادر فتاحی قاضی، منظومە کردی مهر و وفا، تبریز: انتشارات دانشکدە ادبیات تبریز، موسسە تاریخ و فرهنگ ایران، 1345، ص. 17-31.

[29] قادر فتاحی قاضی، منظومە کردی بهرام و گلندام، تبریز: انتشارات دانشکدە ادبیات تبریز، موسسە تاریخ و فرهنگ ایران، 1347، ص. 12-16.

[30] ئەحمەدی شەریفی، "ئافرەتانی گۆرانیبێژی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی 1962-1977 (41-1356)"، **گزینگ**، ژمارە 18، زستانی 1998 (1376)، ل. 66-67.

[31] ئەحمەد شەریفی، "گۆرانی و گۆرانیبێژانی سەقز بەر لە شۆڕش (1979)"، **گزینگ**، ژمارەی 26، زستانی 2000، ل. 68-70.

> تلەویزیۆنی مەهاباد گۆرانی دەگوت. بەڵام گۆرانیم لەگەڵ نەگوتووە. فاتمی خوشکی عەلی دایرەش بوو. گۆرانی دەگووت و گۆرانیشم لەگەڵ گوتووە.[32]

هەر لە ئەو کورتەباسەدا دەردەکەوێ کە لە گوندەکان گۆرانیبێژی ژن زۆرتر بوون و لە قام کوتندا هاوقۆڵییان لەگەڵ گۆرانیبێژی پیاو دەکرد. بەڵام لە ماڵی ئاغاکاندا دیوی ژنان لە دیوی پیاوان، لە دیوەخان، جوێ بوو، و ژن و کچی ئاغا ڕێگەی نەدەدرا بە لای مەجلیسی پیاواندا بڕوا. گۆرانیبێژ لە دیوی ژنان بۆ ژنەکان گۆرانییان دەکوت. بەڵام یەکێک لە ئاغاکان گۆرانیبێژی ژنی ڕاگرتبوو. لە ماڵی وەرزێران وەتاغێک پتر نەبوو، بۆ ژن و پیاو و منداڵ. ئەو ژنانە شینگێڕ نەبوون و گۆرانیبێژ و دەفەژەن و فڕهاوێژ بوون. بەڵام ئەو ژنانەی لە گۆرانی کوتن و سازلێدان و داوەتگێڕاندا لێهاتوو بوون، بەپێچەوانەی پیاوەکان، قەدریان نەدەگیرا و بگرە بە سووکایەتی باسیان دەکرا. بۆ وێنە، مەنیج حەیران، کە لە پێشدا نێوی هێندرا،

> ژنێکی دەنگخۆشی ناوچەی مەهابادێ بووە کە گۆرانی گوتووە و داوەتی گێڕاوە؛ بەداخەوە کۆمەڵی کوردەواری کاری ئەو ژنە هونەرمەندەی پێ سووکایەتی بووە و ئێستاش ئەگەر کچێک لە بەرامبەر ئەو دابە دواکەوتوانەدا سەر ببزێوێ بە "مەنیج حەیران"ی دەشوبهێنن و توانجی تێدەگرن و پێیدەڵێن: "بڕۆ مەنیج حەیران!"، "دەڵێی مەنیج حەیرانە!"، "بۆتە مەنیج حەیران!"[33]

لە وەڵامی چەند پرسیاری من سەبارەت بە کەندوکۆسپی کۆکردنەوەی گۆرانی ژنان، کاک سەلاحی پایانیانی نووسیوێتی:

> ... کار لەسەر ئەدەبیاتی زارەکیی ژنان بەزموڕەزم و گێرەوکێشەی زۆرە و ئەگەر بتهەوێ دەگەڵی دەربەری دەبێ جەرگت بەقەد حەوت سێڵان بێ! ئەوەی لە ماوەی شازدە ساڵ تێکەڵاوی لەسەر ئەم بەشە لە فەرهەنگی زارەکیی دیومە دەبێ بە داستان بۆتی وەگێڕم. ئەلف خانم، ژنێکی دەنگخۆش و خۆوێژی خەڵکی گوندێکی موکریان بوو، ساڵی 1359 و 1360ی هەتاوی لایەلاییێکی لێ زەفت کرابوو و سەداوسیمای مەهابادیش دەنگەکەی بڵاو کردبۆوە. ئەمن ساڵی 1378 لە شاری ...پوورە ئەلفم دیتەوە. دەگەڵی شلوکوت بووم و هەرچی کردم وکراندم لەبزی دە لەبزم هەر نەگەڕا. دەیکوت براکانم دە دانە ساڵان لەسەر ئەو لایەلایەی ئەمنیان نەداوندوە! هەر ئەو خات ب.یەی کە شینگێڕییەکەیم ناردۆتە خزمەتت، یازدە مانگانی بە دەورەدا هاتووین هەتا ئەو دە دەقەیەمان لێ زەفت کردووە. پار نەورۆزێ لە مەجلیسێکی دیتم، بە قسە بڕێکی کوت، دەیکوت: بۆم نالەرێ! کچەکانی کەفیان هەڵدەخڕاند، دەیانکوت دەشتە سەر ماهوارەی و کاکم و وان دەمانگوژن. بە خێزانم کوت شومارە موبایلەکەی لێ وەرگرێ. دوو سێ مانگان نێوەنێوە بە تەلێفوون بەسەرمان دەکردەوە. ساردی پاییزێ کوتی وەرن دوو نەواری کۆنم هەیە دەودەمێ. وەڵا بە ماڵومنداڵەوە هەستاین چووینە ...، لەوێڕا قسەمان دەگەڵ کردەوە و کوتمان ئەوە لەبن گوێتین. دەی کوتی وەرن ڕەبی بەخێرێن. بەڵێ ماشێنمان گرت و دوورونیزیکی دێی، کچەکەی زەنگی بۆ گوشی خێزانم لێدا: وەڵڵا مەیەن داییم بۆ سەرەخۆشێ چۆتە ... !! کچێ دایکت چاک بابت چاک ئەخە ئەوەنێ ئەلحان دەگەڵ دایکتمان قسە کردۆ. نەخێر نەوەڵڵا لە ماڵ نێ!! ئەمەش کوتمان جا تازە ئەوە لە بەر دێین، تازە هەر دێین، چایەکی دەخۆینەوە و هەڵدەستین. بەڵێ چووینە ماڵێ، ئەخە کچ هەر بەعالەم ئاشکرا دایکیان لە مە شاردەوە. سەروچایەکمان خواردەوە و هەستاین وەدەرکەوتین. جا بە خێزانم کوت: خێرا گوشی خات ب. ی بگرە بڵێ بزانە بە جوورێکی نەوارەکانمان ناگەیێنێتێ. وەڵڵا، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، بە کچێکدا نەوارێکی بۆ هێنایە کانیێ ژنان و لێی سواری ماشێنی بووین و پێمان پێوە نا. نەوارەش ئەگە گرتمان چ نەوار، شڕەنەوارێک بوو بە خودای لە دە جێیان لە جێیەکی حاڵی نەدەبووی. ئەلعانیش دەگەڵ مێردەکەی و زاواکەی نێوانم خۆش کردوە و قەرارە دەو یەک دوو حەفتەیدا دووربینی بەرم. دەیانکوت لایەلایە و شینگێڕی هیچ نیە، ئەوان وەک گۆرانی نین و بڵاویش بنەوە قەیدێ ش دەکا؟

---

[32] کەریم سۆفی مەولوودی، "وتووێژ لەگەڵ برایم قادری"، ***مەهاباد***، ساڵی یازدەیەم، ژمارە 132/131، ڕێبەندان و ڕەشەمە 1390، ل. 46.

[33] جەعفەری حوسێنپوور (هێدی)، *دەستە بوخچە: زاراوەی ژنانی موکریان*. سوێد: کتێبی هەرزان، 1999، ل. 207. هەروەها بڕوانە: ئەنوەر سوڵتانی، "مەنیج حەیران کێ یە؟"، ***گزینگ***، ژمارە 37، زستانی 2003، ل. 38-39.

ئەو ژنە دەنگ‌خۆشەی ئەگە "سەوزە"ی دەڵێ دەیکوت: پێم‌خۆشە دەنگم بڵاو بێتەوە ئەما ڕەنگم نا. هەر لەسەر ماهوارەشی دانێن، منداڵەکانم دەنگم دەناسنەوە غایەتێکی قایلم نێ خەڵک ڕەنگم ببینن، هەر یەکەی قسەیەک دەکا و هەتا لێم حاڵی دەبن سەرەچەرمەکە ئاو دەیبا! ...[34]

دوو سێ خاڵی شیاوی لێوردبوونەوە و شێو کردنەوە 1- لە وڵاتی مە دەڵێن "هەچ ژنێکی گۆرانیان بڵێ دەبێتە سەگی جەحەندەمێ" دیارە خوداوڕاستان ئەو باوەڕە ئەدەبیاتی زارەکیی ژنان ناگرێتەوە و مەبەستی ئەوان گۆرانی‌بێژی بەزمی‌یە نەک لایەلایە و مەشکە و باللۆرە و شتی لەم بابەتە. 2- بەهاری 1377 خەریکی خڕ کردنەوەی گۆرانی و وردەقامان بووم و حەفتەی سێ چوار جاران دەچوومە دووکانی قالەشینی مەنشوور. قالەشین ئەوەختی خەریکی نەججاڕی و داروبار و شتی وا بوو. ڕۆژێکی لە زمان مامۆستا هێمنی باسی ف.ێی خەڵکی ... م لێ پرسی. ف.ێی نەدەناسی ئەما دەیکوت: ساڵان ژنی دەنگ‌خۆش و خۆوێژ زۆر بوو. بۆخۆم بن‌ئامۆزایەکم هەبوو ڕەسوو زەنگیانەیان پێدەکوت. جارێکی ئەو ڕەسوویە بۆی گێڕامەوە دەیکوت: شەوێکی بۆ دزییە چووبوومە چادران، دوورونیزیکی تاوڵێ، گوێم لە دەنگی ژنێکی بوو لایەلایەی بۆ منداڵەکەی دەکوت، سوێندی خوارد کوتی: ئەوێ شەوێ هیچ، سێ شەوان لەسەر یەک دەچوومەوە لەخۆشی ئەو لایەلایەی دزییەکەم لەبیر دەچۆوە. 3 - ژن بەعام بەمردوو هەڵاکوتنیان پێ گوناحە و دەڵێن هەرکەس بە دەنگ بگری غەزەبی لێ دەبارێ. هەر ئەو خات ب.ێیە دەڵێ: دە جوملەی ئەو بیست‌وپێنج ساڵەی‌دا، ئەگە بەو دوو برایانەم هەڵکوتووە، قەت تاقەجارێکی نێوی قوڕێم دە زاری ڕانەهاتوە، قەتم ناشکوری نەکردووە و هەر بە کاری خودام زانیوە و شوکرانەبژێر بووم. تازیەداریی گوناحە، ژنێک بوو، جا ئەو ژنە پووریێ بابم بوو، برای کوژا بوو. لە بنەوەی کوێن دەبەر کردبوو و لە سەرەوەشی کەراسی سوور. کوێنەکەی تازیەی خۆی بووە و کەراسەکەشی دوژمن کوێرکەر بووە. 4 - کۆتەڵ ڕازاندنەوەش داب‌ودەستوورێکی تایبەتی هەبوو. پوورەخەج دەیگوت: داییم بۆ گریانێ بەنێوبانگ بوو. داییم پاڵی وە پاڵی مەلا عەلی گۆڕەمەری داوە. سەلیم‌ئاغا و برایمی گوڵەئاغای و سڵەمانی گوڵەئاغای و ئەو ئاغای دە گاگەشی ئەگە دەهاتنە ماڵە بایزی کاخدری دەیانکوت دەبێ خارا بێ، داییم وەلای سەرەوەی هەمووان دەکەوت. ئەگە مردوێکیان لێ دەمرد زین و وڵاخیان بۆ دایەم دەناردن، ئەسپێکیان زین دەکرد و پیاوێکیان دەنارد و هەڕۆن خارایە بێنن بۆن پێ هەڵا بلێ. جا کۆتەڵیان دەڕازاندەوە: بێڵی داریان خاوێن‌خاوێن دەشرد و بەرگی ئاغایەکەی یا ژنەکێ دەبەرن دەکرد و لە مەجلیسێان دادەنا و دایەم پێی هەڵادەگوت:

هۆی کوڕە لاوە،
بەژنت بەمن بمێنی بە خەیاتەی خاوە،
کڵاوپێچت بەمن بمێنن سەرومێزەرت تازە دانەراوە،
دەبەر ئەوێ بەژنێت مرم سەرداری ماڵێ ئەگە دەڕوا ناڵێ ماڵاوا...

جا نازانم مامۆستا بڵێی بکرێ قامک لەسەر شتێک بە نێوی شوێنەواری فەرهەنگی تشیع لەسەر فەرهەنگی خەڵک دابنێین؟ یانی پێت وانیە شین‌گێڕی هەمان نوحەسرایی و کۆتەڵ ڕازاندنەوەش هەمان تعزیەگردانی بێ و وێنەی لێ هەڵگیرابێتەوە؟ 5) ئێستا کە، پاش بیست ساڵ سووڕانەوە و کڕووکاش و گوڵ هەڵگرتنەوە، خەرمانم سوور بووە و کەوتوومە حاسڵاتێ شتێکم بۆ دەرکەوتووە: ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان، شاروێران، محاڵی مەهاباد و بۆکان، دەشتی سندووس و دەشتی لاجان لانکی بەیت و گۆرانی پیاوانن و دەنگ و ڕەنگی ژن سۆراغێکی وای لەوان شوێنان نییە. جا بەپێچەوانە ئەوەندی لەو ناوچە، بەعام ساکەدەشتانە، بەرەو لێڕەوار و سیاکێوی ناوچەی بڵباسەتیی تێ‌هەڵدەبی، دەنگ و ڕەنگی پیاو بنەچەکەی دێ و ژن زۆر سام‌شکاوترن و باو باوی ئەوانە. بەیت‌بێژ و شایەرێکی ئەوتۆ نابینی کە لە ئاست ژنانی دەنگ‌خۆش و حەیران‌بێژدا سەری هەناسە هەڵاوێ. جا نازانم جەنابت چۆنی بۆدەچی؟[35]

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بەکورتی دەڵێم جیاوازیی جێگەی ژن لە دوو ناوچەی موکریان‌دا زۆرتر پێوەندی بە نیزامی کۆمەڵایەتی-ئابووریەوە هەیە تا بە جوغرافیا. موکریان لە زووە لەبابەت

[34] ئیمەیلی سەلاح پایانیانی، 1 ئاوریلی 2014. بۆ ئەوەی گۆرانی‌بێژەکان نەناسرێنەوە زۆربەی نێوەکانیان و نێوی جیگاکانم گۆڕیوە یان هەڵقرتاندووە.

[35] ئیمەیلی سەلاح پایانیانی، 10 ئاوریل 2014.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، دوو مەڵبەندی جیاوازی هەبووە: ڕۆژهەڵاتی موکریان – شارویران، محاڵەکان (چۆمی مەجیدخان و بۆکان)، شامات، دەشتی سندووس و دەشتی لاجان – ناوەندی پێوەندیی دەرەبەگییە (فئودالیسم)، و مەڵبەندی ڕۆژاوا یا بڵباسەتی کانگای پێوەندیی عەشیرەیی بووە. دیارە ڕۆژهەڵات زۆرتر "ساکەدەشتە" و ڕۆژاوا زۆرتر شاخ و کێو و لێرەوار، و ئەو جیاوازییە تەبیعییە تا ڕادەیێک پێوەندی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. لە ڕۆژهەڵات، جیاوازیی و ناکۆکیی چینایەتی لە نێوان ئاغا و وەرزێردا هەبووە، ئاغا و وەرزێر لە یەک بنەچەکە نەبوون بەڵام لە ڕۆژاوا پێوەندیی نێوان ئاغا و خەڵک بە ڕەچەڵەک بووە (بۆ وێنە مەنگوڕان گشتییان خزمن یان لە یەک بنەچەکن). لە ڕۆژهەڵات، شێوەی بەرهەمهێنان کشتوکاڵ بووە و لە ڕۆژاوا ئاژەڵداریی بووە. لە ڕۆژهەڵات، ئاغا و وەرزێر نیشتەجێ بوون و لە ڕۆژاوا نیوە-کۆچەریی بوون. دێبۆکری و فەیزوڵڵابەگی عەشیرە نەبوون و بنەماڵەی ئەریستۆکراسی دەرەبەگیی بوون بەڵام مەنگوڕ و ڕەمک و سن و تایفەی دی عەشیرە بوون. لە نیزامی عەشیرەیی و کۆچەریی و نیوە-کۆچەرییدا، لە زۆربەی وڵاتانی دنیا، ژن لە بەرهەمهێنانی ئابووریی و هونەرییدا دەورێکی ئاشکرا دەگێڕێ.

ئەگەر ئەدەبی زارەکیی تەنیا لە مەتندا کورت نەکەینەوە و پێمان وابێ هەر مەتنێک خۆی پێوەندییێکی کۆمەڵایەتییە، دەتوانین بڵێین چوارچێوەی وەکوو "دەنگ و ڕەنگی ژن لە هونەری زارەکییدا"، یان "دەنگی مێینە لە گۆرانی فۆلکلوری کوردیدا"، یان "ئافرەت لە هۆنراوەی کوردی-دا"[36] ئەوەندە بەرین نییە کە تەواوی دیمەنەکەمان وەبەر چاو بخا. کێشەکە هەر جێگەی ژن لە کۆمەڵ یان لە هونەر یان لە مۆسیقادا نییە و دیاردەکان و لایەنەکان ئاڵۆزن، و بۆ تێگەیشتنی دەبێ ئاڵۆزتری ببینین. باسی "جێگەی ژن" دەبێ باسی جێگەی ژن و پیاو بێ ئەویش وەک بەشێک لە گشتێتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە ژن بەشێوەیێکی سەربەخۆ یان "خۆی لە خۆی"دا ئەو پلەوپایەی پەیدا نەکردووە. لایێکی ئەو نابەرابەری و ناتەباییانە بوونی پیاوە، ئەویش نەک تاقە کەس بەڵکوو جینسێتی پیاوە.

**ژنێتیی ئەدەبیاتی زارەکیی**

ئەو وشە و ڕستە و باسانەی *ئەدەبیاتی زارەکی موکریان: بەشی ژنان* تۆماری کردوون بەشێکن لە ژانری مۆسیقایی جۆراوجۆر کە ژنان بەبێ ئامێر گوتوویانە.[37] لە ئەو هونەری زارەکییەدا، مەتنی مۆسیقایی یان "هەوا" لەگەڵ مەتنی زمانی (وشەیی) تێکەڵاوە و ئەو دوو مەتنانە پێکەوە هەست

---

[36] فواد حسین احمد، *دەنگی مێینە لە گۆرانی فۆلکلوری کوردیدا*، بغداد: مطبعە الجاحظ، 1990؛ بوار نورەدین، *ئافرەت لە هۆنراوەی کوردی دا*. سلێمانی: ئینستیوتی کەلەپووری کورد، چاپخانەی شڤان، 2004.

[37] "**ژانر**" (genre) وشەیێکی فەرانسەییە کە بەشێک لە مەعناکانی "**جۆر**"، "**نەوع**" و "**چەشن**"ە و لە لێکدانەوەی هونەر و ئەدەبیاتدا قورسایی مەعنایی و تێۆریی پەیدا کردووە و جاری وا هەیە لەباتی "فۆڕم" دەکاری دێنن. بۆ وێنە، ئەدەبیات یان مۆسیقا لەباری فۆڕم و ناوەڕۆکەوە، توێکڵ و کاکڵەوە، جۆربەجۆرن و دەکرێ ئەو نەوع و چەشنانە لێک جوێ بکەینەوە و وەک "ژانر"یان دابنێین و لە لێکدانەوەدا تێبینی بەکەڵکی لێ وەدەربکەوێ. بۆ وێنە، دەکرێ بڵێین کە "**سوارۆ**"، بەپێچەوانەی بۆچوونی باو، "بەیت" نییە لەبەر ئەوەی لەباری چیرۆکییەوە (گێڕانەوە narration) وەک بەیتی "مەم و زین"، "سەعید و میرسێوەدینبەگ"، "**دمدم**" و زۆر نموونەی دی ناچێ. ئەگەر بێتوو عونسوری چیرۆکێتی بە خسڵەتێکی بەیتدا بنێین، لە "سوارۆ"دا زۆر کەمە. لە "ژانر"ی "**سوارۆ**"دا، سوارێک کە بۆ شەڕ چۆتە دوورەوڵات ناگەڕێتەوە و دۆستەکەی شینی بۆ دەگێڕێ بەڵام بەیت باسی زۆر ڕووداو و زۆر کەس دەکا. لەباری فۆڕمەوە، "**سوارۆ**" لە زۆربەی بەیتەکان کورتترە. دیارە لە جوێ کردنەوەی ئەو چەشنانە و دانانیان بە ژانر دەبێ زۆر لایەنی فۆڕم و ناوەڕۆکمان لەبەرچاو بێ و ئەوەشمان لەبیر بێ کە سنووری ئەو چەشنانە یا ژانرانە تێکەڵاوییان هەیە و وەک ڕەش و سپی لە بەرامبەر یەکتردا ڕانەوەستاون.

و مەعنا دەردەبڕن و ڕایدەگەیێنن. بەڵام لە ئەو کتێبەدا، مەتنی وشەیی لە مۆسیقایی جوێ کراوەتەوە و وەک مەتنی ئەدەبی زارەکیی چاوی لێکراوە.

پرسیارێک ئەوەیە کە چ شتێک ئەو مەتنانە دەکاتە گۆرانی یان ئەدەبی ژنان و جیاوازیان دەکا لە گۆرانی و ئەدەبی پیاوان؟ ژنێتی یان ژنانەبوونی ئەو داهێنانانە لە چیدایە؟ لێرەدا، ئەوەی ئەو مەتنانە دەکاتە داهێنانی ژنان ئەوەیە کە گشتیان گوتنی ژنانن و کاک سەلاحی پایانیانی لە زمانی ژنانی کۆ کردوونەوە و تۆماری کردوون. هەروەها ئەو مەتنانە باسی ژنیان تێدایە و زۆر جار لە ڕوانگەی ژنانەوە دەنوارن. بێجگە لە ئەوانە، دەکرێ بڵێین بەشێکی زۆریان ژانری وا پێکدێنن، وەکوو "لایە لایە"، "شینگێڕیی"، یان "منداڵ لاواندنەوە"، کە دەکرێ وەکو ژانری مۆسیقا یان ژانری ئەدەبی ژنانەیان دابنێین ئەویش بە پێوانەی گوتن یان ئیجرا کردن چونکە دانەر و بێژەریان ژنن (بەپێچەوانەی ژانری وەک حەیران و قەتار کە پیاو و ژن دایاندەنێن و دەیانڵێن). لەبابەت بیستەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژانری وەک "لایە لایە" یان "منداڵ لاواندنەوە" بۆ منداڵی سەرلانکێ یان ساوا دەکوترێ، ئەوانەی گۆرانی ژنان دەبیستن ژن و پیاو و منداڵ و گەنج و بەتەمەنیان تێدایە. جێگە و ڕێگەی گوتن و بڵاوکردنەوەی ئەو گۆرانیانە ئاواڵە و بەرین نین و نیزامی پیاوەمەزنیی ڕێگە نادا ژن بە ئازادی لە دەرەوەی ماڵ، لە شایی و ساڵۆن و فستیواڵ و ڕادیۆ و تلڤیزیۆن و لە بواری دیدا، هونەری خۆی ڕابگەیێنێ.

بەڵام نیشانەی هەرە بەرچاوی ژنانەبوونی ئەو مەتنانە، ئەوەیکە لە زاری ژن بیسترابێ، زۆر ڕاستەوخۆ و ساکار نییە. وا هەیە ژن گۆرانییەک بڵێ کە وشەکانی ئی خۆی نەبێ. بۆ وێنە، لە ساڵی1350 (1971) لە سەردەشتێ ئاشنایێك باسی ژنێکی بەتەمەنی بۆ کردم کە بەیت و باو و گۆرانی دەزانی بەڵام پێی خۆش نەبوو بۆ بێگانەیێکی بڵێ یان تۆمار بکرێ. ئەو ئاشنایەم نێوبژیی کرد و بۆخۆی یان خوشکی گۆرانییێکی تۆمار کرد. وشەکانی ئەو گۆرانییە لە زارگوتنی ئاسایی نەدەچوو، وەک هۆنراوەی نیشتمانپەروەرانە دەچوو، بەڵام زۆرم لێنەکۆڵییەوە:

بنەوشە کوتی بە لالە
وەرە سەرگوشتەی خۆت بۆ من وەگێڕە برالە
کوتی توغدا وەنەوشە دەس هەڵگرە لێم
داخی دڵی خۆم بۆ بە تۆ دەڵێم
کوتی بە خودای گەر بشمری
ئەتۆم لە وێڵداشان چاتری
دەبێ داخی دڵی خۆت بە من بڵێی
کوتی: نیزیک بە لێم
توخودا وەنەوشە گیان با داخی دڵی خۆم بە تۆ بڵێم
وەنەوشە گیان بەوەی مەزانە ئەگە ڕوومەتم وا گەشە
هەناوم وەکوو خەڵووزی ڕەشە
لە کوێستانان ڕووام
بە ئاوی ساردوسۆڵ ئاو دراوم
ئەلعان بای سەبان هات و گوڵی منی برد
وەک باغەوانەکەی بێسەمەر خۆم
وەنەوشە گیان دەربەدەر خۆم
پرخەتەر خۆم
وەک باغەوانەکی ئەمیش بێسەمەر خۆم

کوتی ئەدی توخودا وەنەوشە گیان ئەتۆ ملت بۆ وا کەچە
کوتی: بە خودای بە ملی کەچم وەک کوردان دەچم
چونگینێ کورد ملکەچن ئەمنیش ملکەچم

ماوەیێک لەوەی پێش گۆرانییەکەم بۆ کاک سەلاحی نارد و دوای گوێ لێگرتنی نووسی: "بەڕاستی جوان و پڕمانا"یە، بەڵام دوای وردبوونەوە لە مەتنە ئەدەبییەکەی نووسی:

گۆرانی خات زڵەخایە گۆنگەڵی زۆر لەدوایە! ئەخە هەرچی هێنام و بردم بەندەکانی بۆ فۆلکلۆر نەدەبوو. دە پێشدا فکری مەلا ئاوارە و وانم کرد. ئەگەرچی تەماشا دەکەم شێحری "ئەمەگی گوڵان"ی مامۆستا هێمنەکەی خۆمانە!!![38]

لە لایێکی دی بەرهەمی وا هەیە کە بە داهێنراوی ژن دادەندرێ بەڵام پیاویش دەیڵێ. یەکێک لەو ئەوانە ژانری "**سوارۆ**"یە کە لە ناوەرۆکیڕا دەردەکەوێ داهێنانی ژنە، بەڵام پیاویش دەیڵێ. بۆ وێنە، عبدالحمید حسینی کە دوو نموونەی "سوارۆ"ی تۆمار کردووە دەنووسێ: ئەو "سوارۆ"یانە بە نێوی داهێنەرەکانیان – کە ژنن – دەناسرێن، یەکیان "سوارۆی سنجانێ" و ئەوی دی "سوارۆی ئایشە گوڵێ"یە. بەڵام ئەو دوو مەتنانەی لە پیاوان بیستوە و تۆماری کردوون، یەکیان "حەمەدی ئاغای" خەڵکی گوندی "کانی باغی" لای مامەشان، ئەوی دی "مەلا عەبدوڵڵا"ی گوندی "کاولان" لای باشووری ڕۆژاوای مەهابادێ.[39] بەکورتی، جینسێتی ئەو ژانرە ئاڵۆزە.

"سوارۆ" وەک ژانری "لای لایە" و شینگێران دیارە ژانرێکی ژنانە. لە "سوارۆ"دا، ژنێک باسی دڵدارەکەی دەکا کە وێڕای پیاوانی گوند بۆ شەڕێکی سەخت ڕووی دە دوورەوڵات کردووە، و کاتێکی لە شەڕ دەگەڕێنەوە دڵدارەکەی دیار نییە و دەبیستێ بە برینداریی بەجێ ماوە، و شینی بۆ دەکا:

ئەمن دوێنێ بوو دانیشتبووم لە بەربێڵایێ
چووکەڵەسوارێ من دەهات و رادەبرت داوای ماچێکی لێدەکردم
بە سەرێ کە شین و بە ملی بەکوێن نەمدەدایێ
ئەمن نەمدەزانی دەچێتە ئەوێ سەفەرێ کاولەلئیحسایێ
ئەگە خوڵا دەکا بەبێ مزەرەتی دێتەوە لە وێ سەفەرێ کە گەورە وگران سەفەری کاولەلئیحسایێ
ئەمن بەعزێ پیاوماقووڵان و جووتێک زەرمەمی زەردی دەبەمە دە تکایێ
نەبادا لە من قەلەندەر و بابانوێران رەنجابێت و بەڵکوو بۆم بێتەوە رەدایێ
های نەمێنم سوارۆ! سوار! هاوار لە من بە تەنێ....

... سوار! دەستی منت دامێن بێ!
دەنا جوابم بۆ بەرە حەکیمان، حەتاران، لوقمانان، تەبیت و چازانان
دە بڵێن چ تاقە دەستانی نەکەنێ
هەتا بۆخۆم دەرمانێکی بۆ دەگرمەوە لە حێلێ، لە دارچینێ، لە قەنەفلێ، لە ژەنگی دە گوارێ،
لە تۆزی دە شەدێ
دەستاوی دەدەم بە ئارەقێ گەردەنێ
دەیهاوێمە سەر زاری برینی چووکەڵە سوارێ

---

[38] ئیمەیلی سەلاح پایانیانی، 29 ئاوریل 2014 هەروەها بڕوانە: هێمن، "بارگەی یاران" لە *سەرجەمی شێعری هێمن*، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2003، ل. 64 و 65.
[39] عبدالحمید حسینی، "سوارۆ"، *پژوهشنامه موسسه آسیائی*، شماره 2، بهار 1354، ص. 16-67.

نەبادا لە من قەڵەندەر و بابان‌وێران...[40]

ئەوانە بەشێک لە "سوارۆی سنجانێ"ن و هیچ گومان نییە لاواندنەوەی ژنێکن کە دڵدارەکەی لەقیس چووە. بەڵام ئەگەر ئەو "سوارۆ"یە هۆنراوەی "سنجان"ی با چۆنە بە ئەو وشانە دەستێ پێ-کردووە:

> سنجان کیژێکی شۆخ و شەنگ بوو. زۆر جوانچاک بوو حەزی لە کوڕە جحێڵێکی دەکرد بەکەیفی خۆی... برایەکی سنجانیش دەگەڵ ئەو لەشکرەی بوو... بۆ سبەی ئەوێ شەوێڕا کە سنجان خەونی دیبوو...[41]

لە ئەو ڕستانەدا، "سنجان" ڕووداوەکە ناگێڕێتەوە و ژنێک یان پیاوێک، باسی "سنجان" و براکەی و ڕووداوەکە دەکا و "سنجان"، لەباری ڕێزمانییەوە، بووەتە "کەسی سێهەم" یان ڕاناوی "ئەو". لەوانەیە "سنجان"، ژنە دڵدارەکە، یان ژنێکی دی ئەو "سۆارۆ"یەی دانابێ و لە پڕۆسەی گۆڕانی نەوەستاوی هونەری زارەکیی‌دا، بێژەر (سنجان) خۆی بووبێتە سووژەی حیکایەتەکە. زۆر دووریش نییە پیاوێک ئەو "سوارۆ"یەی دانابێ، و ئەگە دەڵێن "سوارۆی سنجانێ" لەبەر ئەوەی بێ کە شینگێرەکە نێوی"سنجان"ە. بەهیچ کلۆجێک مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ژن ناتوانێ بەرهەمی وا بخوڵقێنێ؛ ئەو کتێبەی لەبەر دەستی خوێنەرەوەدایە دەریدەخا کە ژن وەک پیاو و ڕەنگە باشتریش لە ئافراندنی هونەردا بەکار و لێ‌هاتووە. مەبەستم ئەوەیە دەستڕابکێشم بۆ دینامیسمی ئەدەبی زارەکیی: ئەو ئەدەبە بەرهەمی داهێنانی ژن و پیاوە و لەگەڵ ئەوەش‌دا دەکرێ لە چەند بواردا بەرهەمی ژن و پیاو هەڵاوێرین، تێکەڵاویی دوو جینسێتی ژن و پیاو ئاڵۆزە و لایەنەکانی تەنیا لە ڕووکاردا بەدی ناکرێن.

دەکرێ بڵێین کە بەشێک لە ئەدەبیاتی زارەکیی وەکوو بەیتەکان یان پەندی پێشینیان، کە جینسێتی دانەرەکانیان ڕوون نییە، بەرهەمی هونەریی ژنان بووبێ. تا ماوەیێک لەوەی پێش، لە زۆر وڵاتان زانست و هونەر و زۆر داهێنانی دیکە بە کردەوەی پیاوان دادەندرا و ئەگەر بەرهەمێکی ژنانیان باس کردبا، ئەویش لە پەراوێزدا، وەک لادانێک لە بەرهەمی پیاوان چاوی لێ‌دەکرا. بۆچوونی وا ئێستا بە هەڵەیێکی گەورە دادەندرێ. جا ڕەنگە سەردێڕی ئەو کتێبە، "*ئەدەبیاتی زارەکی موکریان: بەشی ژنان*"، باشتر لە سەردێڕی وەکوو "*ئەدەبیاتی زارەکی ژنان لە موکریان*" تێکەڵاویی و جیاوازییەکانی ئەو دوو ئەدەبیاتە دەربڕێ.[42]

سەرەڕای ئەو ئاڵۆزییانە، مەتنەکان مۆری داهێنانی ژنیان لێ‌دراوە. ئەو ئەدەبیاتە باسی ژیانی لادێیە بەتایبەت ژیانی بڵباسەتی لە ڕۆژاوای موکریان. لە ئەو ژیانەدا، کۆکیی و ناکۆکیی دووجینسێتی ژن و پیاو زۆر بەرچاوە. ژنان لە لایێک ئارەزوو، مەیل، ئاوات، خۆشویستن و ئەوینی خۆیان دەردەبڕن و لە لایێکی دیکەوە زوڵموزۆری نیزامی پیاوەمەزنیی لە قاو دەدەن و بەرەنگاری زۆرداریی دەبن. بۆ وێنە، بە ڕاشکاوی باسی دڵداریی خۆیان دەکەن: بەو پیاوە هەڵدەڵێن کە خۆشیان دەوێ و قینی دڵی خۆیان لە "مێردەگولە"یان "گولە" – ئەو پیاوەی کە بە زۆری بەسەریان‌دا دەبڕن – هەڵدەڕێژن.

---

40 عبدالحمید حسینی، "سوارۆ"... ل. 33 و 35. (ڕێنووسەکەی و ڕیزی دێرەکانم کەمێک گۆڕیوە).
41 عبدالحمید حسینی، "سوارۆ"... ل. 31.
42 هەروەها، بڕوانە سەلاح پایانیانی، *ئەدەبیاتی زارەکی موکریان: بەشی منداڵان*. بەرگی یەکەم و دووهەم. تهران: سەلاح پایانیانی. 1392.

لە باسی دڵداریی‌دا، بەوردی بە دڵدارەکەیان هەڵدەڵێن و گەردن و لێو و سینگ و مەمک و بسکی خۆیانی پێشکەش دەکەن و دەڵێن دەسرەکەی بە گوڵاو بۆ دەشۆن:

دۆستێکم گرتۆ لە سونحی خۆمە
خەڵک پێم‌دەڵێن دۆستەکەت دۆمە
لەپێش چاوی خۆم سوڵتانی ڕۆمە (ل 148)

ئاوێک دێتە خوار لە کانێ رەشێ
بمکەن بە بزمار بمدەن لە کەوشێ
بە دیاریم بەرن بۆ سمێڵ‌ڕەشێ (ل150)

سەحاتی دەستم بە گوڵ دەفرۆشم
ڕۆژێک نەتبینم ساڵێک نەخۆشم (ل 133)

نامەکەت گەیشت، نامەت سەرچاوم
قەسەم بەو نامە، بۆ تۆ نەماوم (ل 125)

هۆێ کوڕی ڕێبوار، ڕیبواریت ناکەم
لە قسەت حاڵی نیم، دڵدارییت ناکەم (ل 114)

زوڵمی نیزامی پاترپارکیی لە ئەدەبیاتی زارەکیی ژناندا، هەم لە ئەو کتێبە و هەم لە جێی دی، تۆمار کراوە. زوڵمێکی هەرە باو کە باب و دایک و برا لە کچ و خوشکی خۆیانی دەکەن بەزۆری بەمێرد دانە. تەنانەت مەلاییێکی کە ئەو مارەبیانە دەکا بە زاڵم دادەندرێ. هەروەها پیاوێکیش کە دۆستەکەی بەڕەڵا دەکا و قەول‌وقەراران وەپشت‌گوێ دەخا هەر بە زاڵم دەناسرێ:

هەی داد هەی بێداد خۆ من نەماوم
تانەی غەرییان لە سەریان داوم (ل 137)

شۆکەی نابەدڵ هەر ئەمن کردم
بە زەبری خەنجەر مارەیان کردم (ل 140)

ڕێ یەکەی گۆمان ئەوسەرەوسەرە
مێردی نابەدڵ داخ و کەوسەرە (ل 134)

باڵام بە باڵات بەقەد گەنم و جۆ
خۆت ماندوو مەکە چون نامدەن بە تۆ (ل 130)

ئاوی ئاوەنیا کانییە بەردینە
بۆچی نامخوازی کوڕی بێ‌دینە؟ (ل 123)

یاخوڵا ڕەزاشا تەختت وەرگەڕێ
یارم منداڵە و دەیبا بۆ شەڕێ (ل 119)

گەلی دە دۆستان، گەلی دەبرادەران
ئەمن حەیرانێکی دەڵێم بەوێ خەمباری
ئەوە ڕەبی دای و بابی من چ خۆشیان لەخۆ نەبینن
نەیانهێشت لە دنیایە حاسڵ بێ مرادم

نەیاندام بە کوڕەحەیرانێ، دەم لەسەر تۆپی جانبێزاری
ئەگە لە سێباری شەوێدا تێکەڵ کەین سمێڵ و بسکان؛
هەرامەتی هەر لە پشت دیواری (ل 238)

مەلای مارەبڕ ئیمانی نییە
لە کیژ ناپرسێ مەقسوودت چییە (ل 111)

قەولم دا بە تۆ وەمزانی مەردی
نەمزانی بۆ من هەر داخ و دەردی (ل 115)

سمێڵ وەنەوشەی، بەژن کەڵە قەند
گەر منت نەویست بۆ پێت کردم پەند؟ (ل 114)

دەزگیران وەرە بە دەسگیرم بی
ئەگەر نەمخوازی خوداگیرم بی (ل 115)

بەس وەرە و بچۆ، بەس بکە هۆهۆ
کاکم بزانێ قەت نامدا بە تۆ (ل 116)

مەشکەم دەژێ بە سێیان
لە کانیلێ فەقێیان
ئاوێ دێنم بە ئەسکوێیان
لە ڕقی ئاوجا و هەوێیان
سەگولە بمرێ لە سوێیان (ل 176)

بەڵام ژنان سەردانانەوێنن و دەستدەکەنەوە و بەربەرەکانی داب و نەریتی نیزامی پیاوەمزنیی دەکەن:

بمنێن لە قەڵات، قەڵای دەڕمێنم
بمنێن لە شووشە، شووشە دەشکێنم
بمدەن بە پیران، خۆم دەخنکێنم
بمدەن بە جوانان، خۆم دەڕازێنم (ل 162)

سەد نەعلەت لە خۆم، سەتیش بێ لە تۆ
سەتیش لەو کەسەی ئەمنی دا بە تۆ
یاخوڵا باعیسکار ببێ ڕەنجەڕۆ (ل 153)

ئەی هەتیوەکەی ڕووتوڕەجاڵ
دەچی بۆ شاران بۆم مەکڕە کووتاڵ
من دەدەن بە ژن خۆ نامدەن بە ماڵ (ل 152)

سووتام و برژام لە بن ئەو بەردە
بە یارم بڵێن بۆوا نازدارە
ئەگەر نامخوازێ بروا لەو شارە (ل 149)

سەحاتی دەستم تێلێکی تێدا
مێردی نابەدڵ سندانی لێدا (ل 133)

مێردی نابەدڵ تۆقە لە گەردن

مالیجەی نایە مەگەر بە مردن (ل 132)

دەلینگ هەڵدەکەم دەچمە نێو ئاوێ
مێردی پێ دەکەم خەڵک بەر باوێ (ل 118)

حەیران دەڵێم لاوە بە جوانێ خۆ مەنازە مەڵێ من جوانم
ئەگەر تۆ گوڵی منیش ڕیحانم
بە خۆت مەنازە مەڵێ من بەفرم
ئەگەر تۆ بەفری منیش بارانم (ل 159)

حەیرانێ وەرە سەری سیاقۆڵی لە من بەگۆمە
لایەکم حەجەمە و ئەوی دیکانەم نیزام و ڕۆمە
ئەگەر بە حەوت مەلای دە دوازدەعیلمم
مارە کەنەوە لە گولەکەی دە گولەمێردان
ئێستا هەر ئی کوڕە حەیرانێ خۆمە (ل 231)

حەیران لە لێڕان، لە لێری دە بازی
ئەمن دەگەڵ ورچێ دەچووم دە غارێ؛
سەد خۆزگەم بە بەرازی
دە وڵامێکم بۆ بەرنەوە کن هەتیوحەیرانێ
ئەوە لە ماڵە گولێکی دە گولەمێردان دانیشتووم
بە دڵێکی زۆر ناڕازی (ل 230)

بن دار و بن دار، بن دارە بووزە
مێردت پێناکەم کاکۆڵ بەکڕووزە (ل 110)

حەیرانێ وەرە کوڕە ماڵ وێران بمبینە
مەمکێکم قەندە ئێکم هەنگوینە
تووخودا ماڵوێران دەربەند بە ماڵۆکەی دونیایە مەبە
وەرە لە بەندی گولەکەی دە مێردانم دەربینە (ل 224)

مەشکە سوورێ هەژارم
ڕەنگ زەردێ لێوبەبارم
وەکوو کێشی گوڵدارم
برنوویێ جانبێزارم
لە گولەی مێردان خەسارم (ل 136)

لە کوردەوارییدا، وەک زۆربەی کۆمەڵی دی، ژن و پیاو بەدەنی خۆیان دادەپۆشن و داب و نەریت ڕێگەیان نادا بەعزە ئەندامێکی لەشیان وەبەرچاو بخەن، و تەنانەت باس کردنی بە "عەیب" دادەنێن. ئەو تابوویانە بۆ ژنان زۆرتر و توند و تیژترن و لە شار، ئەویش پتر لە نێو چینە کۆمەڵایەتییە دەوڵەمەندەکان، زۆر باون. بەڵام ئەو ئەندامانەی لە جلوبەرگدا دادەپۆشرێن لە ئەو مەتنانەدا وەدەردەخرێن. ژنان باسی بسک و مەمک و سینگ و قووڵکی بەرگەردن و لێوی خۆیان دەکەن:

تازە دامناوە بناغەی مەمکم
وەرە بمخوازە هەوەڵ لای دایکم (ل 124)

ئەوە پایزە محەللی شوانان شەرتیان هەڵێ
ئەتۆ وەرەوە کن ماڵە بابی خۆم

ئەمن دەتدەمێ مانگ و سەتمەنێ
بەڵام لە دوایی ساڵێدا
دەتکەمە شەریک و برابەشی شەمامە و شەمامۆکەی دە باغەڵێ (ل 236)

سوارە بە سواری خۆت دەشوبهێنم
بەیانە، سەحەرە، زەندێ بەبازن و قامکی بەئەنگوستیلەت لەبۆ رادەوەشێنم
سوار ئەگەر ئەتۆ میوانی ڕۆژێ بی
چات لە قوڵکێ بەرگەردنێدا لەبۆ دەکوڵێنم
ئەگەر میوانی شەوێ بی
لە نێوانی سینگ و مەمکێتدا دەنوێنم (ل 233)

هۆی شوانێ بزنی
سەرگڵۆپکێ هەرزنی
خوڵامی بسکی منی (ل 275)

شوانی شەکەمێیە
وەرە سەرە ڕێیە
لێم وەگرە جووتەی شەکرەبێیە (ل 273)

شوانۆکەی بەرێوە
کیسە و قەننە پێوە
ماچی کە ئەو لێوە (ل 280)

ئەو وێنەیەی ئەدەبی زارەکیی لە پێوەندییەکانی جینسێتی پیاو و ژنی هەڵگرتووە جیاوازیی بەرچاوی هەیە لە وێنەیێک کە "بەیتی لاس و خەزاڵ" کێشاوێتی و مامۆستا هێمن وەک "مێ-وەجاغیی" تێڕوانیوە. لە گوتراوەکانی ئەو کتێبەدا کە چەند ژانری جۆراوجۆری وەک لایە لایە، شینگێڕیی، باللۆرە و هی تری تێدایە، هیچ ژنێک ئەوەندەی "یای خەزاڵ" لە پێوەندی لەگەڵ دڵداری خۆیدا ئازادی پێنەدراوە. بەڵام ئەو بەربەرەکانییەش کە ژن لە ئەدەبیاتی زارەکییدا دەیکا و بەکورتی باسم کردووە، لە بەستێنی نیزامی پیاوەمەزنییدا پەنگاو دەخواتەوە. ئەو بەند و بەستەیانە ڕزگاریی ژن لە زوڵمی وەکوو بەمێرد دانی بەزۆریی و هەوێداریی داوا دەکەن بەڵام ئەو کۆمەڵە زوڵمانە وەک نیزام یا سیستیم نابینن و تێکدانی ئەو نیزامە و دانانی بەدیلێک لە جێگای وی وەبەرچاو ناخەن. ڕەنگە بگوترێ گۆرانی و باللۆرە و وردەقام و ژانری وا جێگەی ئەو باسانە نییە. بەڵام باسەکە بڕێک لە ئەوە ئاڵۆزترە.

لە نێو ئەو ژانرانەی کە تۆمارکراون، "لایەلایە"، "لاواندنەوەی منداڵان"، "شینگێڕیی" و "مەشکە" زۆرتر ژنانەن. کەم هەڵدەکەوێ پیاو "لایەلایە" یان "مەشکە"ی بڵێ. لێرەدا، "دابەشینی کار" و فکر و هونەر لە نێوان پیاو و ژندا بەئاشکرا دەبیندرێ و بەڕاشکاوی گوتراوە. بە قسەی کاک سەلاحی:

> بەندەکانی لاواندنەوە بۆ کچ و کوڕ جیاوازن. واتە بەپێی سروشتی کۆمەڵگای پیاوسالارانە کچ و کوڕ، تایبەت بۆ کۆمەڵگا پەروەردە دەکرێن و بە ئاواز پێیان دەکوترێ کە لە داهاتوودا دەبێ چی بن و چ بکەن. بۆ وێنە بۆ کچان دەیانکوت:
>
> مەڕی ببینم لە مۆڵێ
> ئەسپی ببینم لە پێکۆڵێ
> خانمی ببینم کوڕ لە کۆڵێ
>
> لەوەڕا دەردەکەوێ گەورەترین ئامانجی ژیانی خانمۆڵێک پەروەردە کردنی کوڕە. کوڕێک کە هەر لەو تەمەنەدا بە لاواندنەوە پێی دەگوترێ:

ماڵوحاڵم بەتەنێ
جڵەوداری قۆشەنێ
دوژمن کوێر بن نەتگەنێ
لێت دەکەن فێڵوفەنێ

لەم دوو وێنەدا جیاوازییەکی یەکجار گەورە وەبەرچاو دێ. ئەمانە و دەیان وێنەی حاشاهەڵنەگری دیکە دەخوازن کچان لە ئێستاوە بۆ ماڵداریی و نازفرۆشیی پەروەردە بکرێن:

خرپانێ و خرپانێ
ڕێگای کانیە نازانێ
گۆزەی گرانە و نایتوانێ.[43]

لە بوارەکانی دیشدا هەر وایە. قومار و کایەکردنی ژن و پیاو، چ بە منداڵیی چ بە گەورەیی، جیاوازن و ئەو جیاوازییە کە لە سەر بنچینەی پیاوەمەزنیی دارشتراوە دەور دەگێڕێ لە ڕاگرتن و بەرهەم هێنانەوەی دەسەڵاتی پیاو بە سەر ژندا:

کچ دە گۆرانی کایە کردندا چ هێزێک لەخۆیدا شک نابا جگە لەوەیکە دەستەوداوێنی نزا و پاڕانەوە بێ و بۆ برا و پیاوانی خزم و ئەقرەبا ئاواتی سەرکەوتن بخوازێ و تەنانەت ئەگەر پێویست بێ بۆیان لە بەرخوێن بچێ:

حێبۆکێ بەملانم
خوشکی دوو برالانم
دوو برالەم پێبێڵی
لەسەر بەردەبێرێ

لە کایەی "شووبەکان"دا کچ دەڵێ:

شووبەکان لەبێ لەبێ
کەوشی سووری تۆم لەپێ
شووبەکان بەگەنم و جۆ
دەدرێم بە بەرخوێنی تۆ

ئەوەش قسەی کوڕ لە قوماردا:

خەجێ چاوئەستێرێ
دەنگ دەگەڵ بلوێرێ
بلوێر بەڵاڵووکە
هێنام تازەبووکە
تازەبووکی میری
هێنام بە یەخسیری
یەخسیری قەڵاتێ
دەسرۆکێکم دادتێ
دەسرۆکەی هەورینی
پێچام لە برینی.[44]

لە دڵدارییشدا، لەگەڵ ئەوەی ژن ئەوینی خۆی بەڕاشکاوی دەردەبڕێ، بەشێکی زۆری ئەو بەندانە گازندەکردن لە بێدەسەڵاتیی ژن و یەخسیر بوونی بە دەست "مێردەگولە" و باب و برا و

[43] سەلاح پایانیانی، *کانی مرادان*، ارومیە: انتشارات صلاح‌الدین ایوبی. 1381، ل. IV-III
[44] سەلاح پایانیانی، *کانی مرادان*، ارومیە: انتشارات صلاح‌الدین ایوبی. 1381 ، ل. VI

تەنانەت دایکە. زۆر جار دایکیش، کە خۆی گرفتاری ئەو نیزامەیە، کچەکەی هان بە ملدانی داب و نەریتی پیاوەمەزنیی دەدا. یەکێک لە شێوەکانی بەربەرەکانی کردنی ئەو نیزامە، بە کردەوە نەک بە قسە، ڕەدووکەوتنە؛ ڕەدووکەوتن نیشانەیێکی ئازایەتی ژنە، بەڵام ئەو لە ڕێ لادانە لە چوارچێوەی نیزامی پیاوەمەزنییدا دەخولێتەوە. پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نیزامی عەشیرەیی و دەرەبەگی لەگەڵ ئەو دیاردەیە هەڵدەکەن زۆرتر لەبەرئەوەی نە دەتوانێ دەزگای دەسەڵاتی پیاو وەرگێڕێ نە بنەڕەتی بکا.

**ئێستا و داهاتووی هونەری زارەکیی ژنان**

ئەو ژنە هونەرمەندانەی کە ئەو بەرهەمانەیان داهێناوە یان کوتوویانە تەجرەبەی ژیانی خۆیان و ژنی دی دەردەبڕن. ئەو مەتنانە هەستی ژنان دەنوێنن و ڕوانین یان ڕامانی وان لە پێوەندە جینسێتییەکان وەبەرچاو دەخەن. ئەوانە زۆرتر تەجرەبەی ساکار و ڕووتن، بەڵام پڕن لە هەستی بەتین و زیندوویی خەیاڵ و ئارەزووی ژیانێکی خۆش. هەرکام لە ئەو مەتنە ساکار و کورتانە مل دەدەن بە لێکۆڵینەوەی ئاڵۆز و قووڵ و دوورودرێژ.

زۆربەی دانەرانی ئەدەبی زارەکیی نەناسراو ماونەوە. نازانین کێ و کەنگێ و لەکوێ ئەو مەتنانەی هەڵبەستوون. بەڵام ئەگەر بێتوو هەر مەتنێک وەک ڕووداوێک چاو لێبکەین، بزربوونی دانەر بایەخی مەتنەکە نزم ناکا: هەر ئیجرا یان گوتنێک یان خوێندنەوەیێک مەتنەکە دەکاتە دیاردەیێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، و دانەر و بیستەری بۆ دیاری دەکا و دەردەکەوێ کێ دەیڵێ، چۆن دەگوترێ، لەکوێ دەگوترێ، کێ دەیبیستێ، چۆن دەیبیستن، و مەعناکانی چن.

لەپێشدا باسی ئەوەم کرد کە دەکرێ دانەرانی هونەری زارەکیی وەک توێژی "رۆشنبیری" ئەو کۆمەڵە دابنێین کە پێکهاتنی زۆرتر لە سەر بنچینەی لێدوانی زارەکیی داڕژاوە. بەڵام باسی "ڕۆشنبیریی" زۆر کێشەی تیۆری و لێکدانەوە دێنێتە گۆڕێ کە لێرەدا جێگەی باس کردنیان نییە. ئەوەندە دەکرێ بڵێم وشەی "ڕۆشنبیر" ئەوە ناگەیێنێ کە ئەو کەسە بە "ڕۆشنی" یان "باش" فکر دەکاتەوە. لێرەدا، مەبەست ئەو کەسەیە کە کاری فکری دەکا و ئەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژی و ئەو ڕابردوویەی کە دەیناسێ و ئەو داهاتوویەی کە بە خەیاڵیدا دێ لێکدەداتەوە. بۆ وێنە، ئەحمەدی خانی و عەلی بەردەشانی رۆشنبیری زەمانی خۆیان بوون، یەکیان لە دنیای نووسین و ئەوی دی لە ئەدەبی زارەکییدا لە ژیان و زەمانی خۆیان وردبوونەوە و لێکیان داوەتەوە. جیاوازییەکانیان زۆرن بەتایبەت لە دەکارهێنانی ئامرازی ڕاگەیاندن – نووسین و کوتن – دا.

لە ئەدەبیاتی نووسراوی کوردییدا، کە زۆرتر لە دەستی پیاواندا بووە، لە سەدەی بیستەوە تا ئێستە باسی زوڵم لە ژنان کراوە و داوا کراوە کە ژن و پیاو بەرابەر بن ئەویش بە دابین کردنی بەعزە مافێکی وەکوو خوێندن و ئیش کردن و هێندێک ئازادی وەک کۆتایی هێنان بە زەبروزەنگی پیاوان. بەشێکی زۆر لە ئەو ماف و ئازادیانە لە وڵاتی دیدا وەدی هاتوون بەڵام نیزامی پیاوەمەزنیی بەشێوەی مۆدێڕن یان نوێباو درێژەی هەیە. لە ئەدەبی نووسراودا، "گۆران" لە هێندێک لە شێعرەکانی، وەک "بەردەنووسێک" و "بووکێکی ناکام"دا، زوڵم لە ژنان و چەوساندنەوەی چینایەتی بەشێوەیێکی شاعیرانە و ئاڵۆز باس کردووە.

سیمۆن دوێ بوار، فێمینیستی فەرانسەیی، گوتوویەتی: "وەک ژن لە دایک نابین بەڵکوو دەبین بە ژن". مەبەستی ئەوەیە کە جیاوازیی ژن و پیاو و تەواوی نابەرابەرییەکان و ئەو بێدادەی لە ژن دەکرێ گشتی سازکراوە و هیچی لە چارەنووسدا نەنووسراوە و لە فیترەتی پیاو و ژندا لەنگەری

نەهاویشتووە و، کە وابێ، دەکرێ تێکبدرێ و نەزم و نیزامێکی تر لەجیاتی دابندرێ. بەڵام هاتنەدەر لە بەندیخانەی پیاومەزنیی، و تێکدانی ئەو نیزامە و دانانی نیزامێک کە نە پیاومەزنیی بێ نە ژن-مەزنیی، و ڕزگاریی ئینسان (ژن و پیاو) بەدی بێنێ پێویستی بە زانست و تیۆری و بۆچوونی مێژوویی هەیە. ئەوەش لە ئەدەبیاتی زارەکیی کۆمەڵی عەشیرەیی و دەرەبەگییدا پێکنایا. هونەری زارەکیی و نووسراو دەتوانن لە مەیدانی هەستدا پێچوپەنای زوڵموزۆریی ئەو نیزامە وەبەرچاو بخەن بەڵام تێپەڕین لە دنیای هەست بۆ زانست و لە دنیای تەجرەبە بۆ دنیای تیۆری پسانەوەیێک یان هەڵبڕانێکە لە بواری هونەر بۆ بواری زانست. دیارە مەبەست لە پسانەوە جوێ بوونەوەی تێکڕایی و یەکجاریی هونەر لە زانست نییە. هونەری باش، وەک "بەردەنووسێک" و "بووکێکی ناکام"ی گۆران، لە هەستدا نوقم بووە بەڵام لە تێگەیشتنی زوڵمی پیاو-مەزنیی و چەوسانەوەی چینایەتیدا دەگاتە ئاستی زانست.

ئێستە توێژێکی ڕۆشنبیری ژن پێکهاتووە و خەریکە پەرە دەستێنێ: ژنانی نووسەر، ڕۆژنامەنووس، شاعیر، هونەرمەند، مامۆستای مەدرەسە و زانکۆ، چالاکی سیاسی، لێکۆڵەرەوە و زۆری دی کە پێگەیان شار و چینە کۆمەڵایەتییە ناوەندییەکانە – بەڵام وردەوردە ژنی گوندیشیان تێکەڵ دەبێ – دیمەنی ژیانی فکری و سیاسی کوردەوارییان گۆڕیوە. پرسیارێکی گرینگ ئەوەیە: ئەو توێژە ڕۆشنبیرە چۆن و تا چ ڕادەیێک بەرەنگاری نیزامی پیاومەزنیی دەبێ؟ هەڵوەشاندنەوەی ئەو نیزامە پێویستیی بە ئازایەتی فکریی و وێران هەیە. با لە ژنێکی ڕۆشنبیر بگێڕمەوە کە لە باسێک لەبابەت زەبروزەنگی سەر ژناندا نووسیوێتی:

> ...خودی ژن، ئەو جۆرەی پێویستە حەول نادا بۆ ڕزگاریی خۆی. تەنانەت هەندێ بیروباوەڕی پیاوسالارانە وەک واقیعەتێکی نەگۆڕ چاو لێدەکا و ئیمانی تەواوی پێهێناون! ئێمە ئێستا لەنێو توێژی خوێندەواری ڕۆشنبیری ژنانی کوردستاندا جووڵەیەکی ئەوتۆ نابینین کە جێی هومێدواری بێ و ئەو هەستە لە مرۆڤدا بورووژێنێ کە ژنی کوردیش هاتۆتە سەر ئەم باوەڕە کە دەبێ بۆ ڕزگاریی خۆی، بە دەستی خۆی، چارەیەک بدۆزێتەوە و حازرە هەزینەشی بۆ بدا.[45]

گۆڕانێکی گرینگی دی لە بواری ئامێری داهێنان و بڵاوکردنەوەی هونەری زارەکییدا پێکهاتووە. ئینترنێت، تلڤیزیۆن، فیلم و ئامرازی کۆمەڵیی و مەودای دی وەک فستیواڵی جۆراوجۆر دەرفەتی زۆرتر دەدەن بە ژنی هونەرمەند بێئەوەی دیواری قەڵای پیاومەزنیی بڕووخێنن. ئەو ڕووخاندنە بە ئامرازەوە (زارەکیی بوون یا نەبوون) نەبەستراوەتەوە و دەگەڕێتەوە سەر ئاگایی و ویست و ڕوانگەی زانستیی و سیاسیی. لە مەتنەکانی ئەو کتێبەدا باش دەردەکەوێ کە لە کوردەوارییدا، لە کۆمەڵی عەشیرەیی و دەرەبەگیی، بارودۆخی مێژوویی تێکدانی نیزامی پیاومەزنیی لە ئارادا نەبووە. لە کۆمەڵی مۆدێرندا، ڕێگەی سەرنخوونکردنی ئەو نیزامە پێشان دراوە بەڵام پیاومەزنیی توانیوێتی خۆی بپارێزێ. ئێستە کە هونەری زارەکیی کوردیی بە تیکنۆلۆژی تازەی ڕاگەیاندن ڕازاوەتەوە، دەکرێ وردبینەوە کە تا چ ڕادەیێک لە ناوەڕۆک و بۆچوونی جاران دادەبڕێ و ئاسۆیێکی دی، بەرەو ڕزگاریی ژن و ئینسان، ڕەچاو دەکا.

---

[45] نەسرین جەعفەری، "وەک ژن هیچ وڵاتیکم نیە!"، ***مەهاباد***، ساڵی هەشتەم، ژمارەی 91-92، ڕەزبەر و سەرماوەزی 1987، ل. 2.